LSE Middle East Centre



# هونەر و چالاکگەریی لە کوردستانی عێراق

## درزی فێمێنیستی، سیاسەتی لەش و تێکۆشان بۆ شوێن

ئیزابێل کایسەر و
هۆزان مەحموود

## سەبارەت بە ناوەندی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

سەنتەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر بناغەی پەیوەندییە درێژخایەنەکەی زانکۆی لەندەن-سکوڵی ئابوری لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بنیات دەنرێت و ناوەندێکی کۆکەرەوەیە بۆ ئەو لێکۆڵینەوە بەرفراوانانەی لەسەر ناوچەکە دابین دەکرێن و ئەوانەشی کە لە زانکۆی لەندەن- سکوڵی ئابوری ئەنجام دەدرێن

ناوەندی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئامانجی گەشەپێدانی لێکتێگەیشتن و پەرەپێدانی توێژینەوەی چڕە لەسەر کۆمەڵگا و ئابووری و سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی ناوچەکە. ناوەندەکە هەم زانیاری تایبەتمەند و هەم تێگەیشتنی گشتی بەرەوپێش دەبات و خاوەنی پێشینەیەکی بەهێزە لە توێژینەوەی نێوان زانستەکان و لە شارەزایی ناوچەییدا. وەک یەکێک لە دامەزراوە پێشەنگەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی جیهان، زانکۆی لەندەن-سکوڵی ئابوری، لەو بەشانە پێکدێت کە هەموو لقەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان دەگرێتەوە. سەنتەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەم شارەزاییە بەکاردەهێنێت بۆ پێشخستنی توێژینەوە و ڕاهێنانی داهێنەرانە لەسەر ناوچەکە

LSE Middle East Centre

# هونەر و چالاکگەریی لە کوردستانی عێراق:
# درزی فێمێنیستی، سیاسەتی لەش و تێکۆشان بۆ شوێن

ئیزابێل کایسەر و هۆزان مەحموود

زنجیرەی توێژینەوەکانی سەنتەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست
ئەیلولی ٢٠٢٣

## دەربارەی نووسەران

**ئیزابێل کایسەر،** لێکۆڵەری میوانە لە سکوڵی ئابوری زانکۆی لەندەن- سەنتەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پۆست دکتۆرا لە ئینستیتویتی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی لە زانکۆی بێرن. دکتۆرای لە زانکۆی لەندەن-سۆاس بەدەستهێناوە و نووسەری کتێبی بزووتنەوەی ئازادیخوازی ژنانی کورد: جێندەر، سیاسەتی جەستە و میلیتاریزمی مێینانە (چاپخانەی زانکۆی کامبریج ٢٠٢١).

هەروەها لێکۆڵەری سەرەکی پڕۆژەی ‹هەرێمی کوردستانی ئێراق- پاش داعش، گەنجان هونەر و جێندەر›ە کە بەشێکە لە پڕۆژەی هاوکاری ئەکادیمی لەگەڵ زانکۆ عەرەبیەکان، کە زانکۆی لەندەن-سکوڵی ئابوری ، بەشی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست سەرپەرشتی دەکات.

**هۆزان مەحموود،** نووسەری فێمینیست، وانەبێژی گشتی، چالاکوان و ئامادەکاری کتێبی چیرۆکەکانی ژنانی کورد (چاپخانەی پلۆتۆ پرێس - لەندەن، ٢٠٢١). زیاتر لە ٢٥ ساڵە داکۆکیکارە لە مافەکانی ژنان لە عێراق و کوردستانی عێراق. خاوەنی بڕوانامەی ماجستێرە لە بواری جێندەر لە زانکۆی لەندەن- سۆاس. هەروەها هاودامەزرێنەری پڕۆژەی کولتورە، کە پلاتفۆرمێکە تایبەتە بە فێمینیزم، هونەر، و جێندەر لە کوردستان و دایاسپۆرا

## پوختە

لەم ساڵانەی دوایدا، نەوەیەکی نوێ لە هونەرمەندانی گەنج و ژنانی چالاکڤان لە هەرێمی کوردستانی عێراق دەرکەوتوون، کە لە ڕێگەی کارەکانیان و بەرهەمە هونەرییەکانیانەوە کێشەگەلی وەک سیاسەتی لەش، کۆنەخوازی (ئاینی) و پەیوەندیی دۆستایەتی (intimacy) دیار دەخەن. ئەم توێژینەوەیە شرۆڤەی ئەوە دەکات چۆن لە پشتی گوتاری زاڵی سیاسەتی حیزبایەتی و ناکۆکییە هەرێمییەکان لە کوردستانی عێراقی دوای داعش، دەستپێشخەرییەکانی ژنان، چالاکڤانانی گەنج و هونەرمەندانی فێمێنیست کردەگەل و گۆتارێکی بەدیل گەشە پێدەدەن. ئەم توێژینەوەیە نەخشە و وێنای دەورگێڕە سەرەکییەکانی پشت دەرکەوتنی ئەو بزۆکییانە دەکێشێت و دەپرسێ داخۆ لەناو قەیرانە سیاسی، سەربازی و ئابوورییە بەردەوامەکانی هەرێمەکەدا، گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان چۆن وێنا دەکرێن و دەخرێنەگەڕ. بە گەڕانەوە بۆ ئەدەبیاتی فێمێنیستی نێونەتەوەیی و پاش-داگیرکاری (پۆستکۆلۆنیال) لەبارەی جێندەر، ململانێ، فێمێنیزم و ناسیۆنالیزمی نا-دەوڵەتی، ئێمە دەتوانین بڵێین نەوەی نوێی هونەرمەندان و چالاکڤانان هاتوونەتە ناو گفتوگۆ جیهانییەکان لەبارەی داد و یەکسانی، لە ڕێگەی ئەمەشەوە شێوازە نوێیەکانی بەشداربوون داوا دەکەن و چێ دەکەن. هەرچەندە، بەهۆی شکستەکانی سیستەمی بەڕێوەبردنی دۆخی ’خۆزگەخوازی‘، قەیرانە ئابوورییە بەردەوامەکان، کاریگەری جەنگەکانی ڕابوردوو و نائارامییە بەردەوامەکان، شوێنیان بۆ هونەر و چالاکگەری بەناتەواوی ماوەتەوە و دەستڕاگەیشتنیان سنووردارە. لەگەڵ ئەوەشدا، پاڵگەلی هونەر، چالاکگەریی گەنجان و ژنان و شوێنگەلێک هەن کە تێیاندا ڕوانین بۆ کوردستانێکی پتر جێندەر-یەکسان و خاڵی لە توندوتیژی گەشەی کردووە

لێگەڕین بۆ ئەم توێژینەوەیە وەک بەشێک لە پڕۆژەیەکی هاوبەش پشتیوانی کراوە لەلایەن پرۆگرامی هاوکاری ئەکادیمی لەگەڵ زانکۆ عەرەبییەکان، کە زانکۆی لەندەن سکوڵی ئابوری-ناوەندی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەڕێوەی دەبات و فاوندەیشنی ئیمارات پشتگیری ماڵی کردووە. دەربڕینی بیروڕاکان لێرەدا مەرج نییە ڕەنگدانەوەی بیروڕای فاوندەیشنی ئیمارات بێت. دامەزراوە بەشداربووەکان زانکۆی کوردستان/هەولێر و پڕۆژەی کولتوورن. سوپاسی بێ پایانی نوسەران بۆ بەڕێز دوکتۆر بەیار سڤدین، لێکۆڵەری هاوکاری سەرەکی و خاتوو میدیا خودر لێکۆڵەری یاریدەدەر بۆ بەشداری و هاوکارییان لە پڕۆژەی؛ هەرێمی کوردستانی ئێراق دوای داعش؛ گەنجان، هونەر و جێندەر.

## پێشەکی

لەپاڵ وێنەکانی جەنگ و کاولکاری، ڕاپۆرتەکان لەبارەی گەندەڵی، قەیرانی ئابووریی و توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر بەسەر بەرهەمهێنانی زانین لەبارەی هەرێمی کوردستانی عێراق زاڵن. بەتایبەتی لە ساڵی ٢٠١٤ -دەستپێکی داتەپینی ئابووری و جەنگ دژی دەوڵەتی ئیسلامی یان داعش- و ٢٠١٧ -ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کورد-ەوە هەرێمەکە خۆی لەنێو دۆخی قەیرانێکی بەردەوامدا دۆزییەوە. لەپاڵ ململانێی درێژخایەن و نادڵنیایی بەردەوامی ئابووری و سیاسیی ، گۆڕانێکی بێدەنگتر و نەبینراوتری دیکە ڕوویداوە: نەوەیەکی نوێی هونەرمەندانی گەنج و چالاکڤانان دەرکەوتووە، کە لە ڕێگەی کارەکانیانەوە کێشەگەلی وەک سیاسەتی لەش، کۆنخوازی (ئاینی) و پەیوەندیی دۆستایەتی وێنا دەکەن و دەیخەنە ڕوو. کارەکانیان زمانێکی بەهێزی بینەکی و ئەدەبی بۆ دیارخستنی پیاوسالاری، ژن-کینەیی، کوشتاری داعش بەکاردەهێنێت و پەیوەندی نێو-یەکی ئەمانە چۆن کاریگەری لەسەر تێگەیشتنی ژنان و دەرککردنیان بۆ شوێن، ناسنامە و سێکسوالێتی دادەنێت. ژنان و ژمارەیەکی زیادبوو لە پیاوان نیگاردەکێشن، نمایش دەکەن و لە کارەکانیاندا ڕەخنەی پەیوەندی و نۆرمە جێندەرییەکان دەکەن. ئەم توێژینەوەیە نەخشە و وێنای دەورگێڕە سەرەکییەکانی پشت دەرکەوتنی ئەو بزۆکییانە لە هەرێمی کوردستانی عێراق دەکێشێت و دەپرسێ داخۆ بە چ شێوەیەک هونەرمەندانی گەنج و چالاکڤانانی (فێمێنیست) گۆتاری بەدیلی هونەری و سیاسی وێنا دەکەن و بەرهەم دەهێنن.- لەودیوی هونەری نەتەوەیی و بونیادی پێشچەسپێنراوی حیزبە سیاسییەکان و چالاکیی ڕێکخراوەکان.[1] تا چەند ئەمانە شیمانەی دروستکردنی پراکتیک و شوێنگەلی پتر جێندەر-یەکسان و ڕۆشنیان لە خۆیاندا هەڵگرتووە کە بتوانن بەرهەڵستی پەیوەندی و نۆرمە جێندەرییە کۆنەخوازەکان بکەن؟ لە کۆتاییدا، داخۆ گەنجان چۆن بەڕێکخراوکردنی چالاکیی ژنان و سنووردارێتی سەرچاوە و هاوکارییە داراییەکان بۆ هونەر چارەسەر دەکەن؟ گرنگترین تێماکانی کە لەو کۆنفرانس، ۆرکشۆپ و چاوپێکەوتنانەی ڕێکمان خستبوون دەرکەوتن[2] -توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر، ترس، نەبوونی شوێن، پەرچەکردارە کۆنەخوازەکان و بێهیوایی، هەموویان لەنێو بەستێنی ‹هێشتا-نا› یان دۆخی ‹خۆزگەخوازی›[3]- ڕێنمایی ئەم توێژینەوەیە دەکەن.

---

1 ئێمە جەختمان لەسەر گەنجانی (تەمەن ١٥-٢٥ ساڵ) بوو، کە لەو چالاکییانەدا بەشدارن گرێدراوی هیچ یەکێک لە حیزبە باڵادەستەکان نیین (یەکێتی، پارتی، گۆران، یەکگرتووی ئیسلامی، پارتی بزووتنەوەی ئیسلامی)، هەروەها گەنجانی هونەرمەندی سەربەخۆ کە کاری هونەری بەرهەم دەهێنن تاکوو لەبارەی پرسە کۆمەڵایەتی و سیاسییە باوەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق قسە بکەن. ئێمە زۆر لە هونەرمەندە کۆنە ڕچەشکێنەکان، هونەرمەندانی تاراوگە، ئەو هونەرمەندانەی کە لە پاڵپشتیکردنی کارمەندانی حیزب و گەلەرییەکانیان سوودمەندن و ئەو هونەرمەندانەی کە ’لەپێناو هونەردا‘ کاری هونەری دەکەن، وەلاوە نا. بەڕوونی، ’سەربەخۆیی‘ مەیلی گۆڕانکاری هەیە؛ ڕەنگە هونەرمەندان و چالاکوانانی ناگرێدراو بە حیزبەکانەوە هەندێک جار هێشتا پارە یان شوێنی پێشانگەیەک بۆ پڕۆژەیەک لە شارەوانییەک یان ڕێکخراوێکی ناحکومی نێودەوڵەتی وەربگرن.

2 وەک بەشێک لەم پڕۆژەیە، سێ ’وۆرکشۆپی هونەری فێمینیستی‘مان لە دهۆک، سلێمانی و هەولێر لە مانگی نیسانی ٢٠٢٢ ئەنجامدا، هەروەها کۆنفرانسێکمان بەناونیشانی: ’چی دەجووڵێت؟ گەنجان، هونەر و چالاکگەریی ژنان لە هەرێمی کوردستان‘ لە زانکۆی کوردستان/هەولێر لە مانگی تشرینی دووەمی ٢٠٢٢، کە زۆرێک لە بەشداربووانی توێژینەوەکەمان ڕۆڵێکی چالاکیان بینی چ وەک ئاسانکاری وۆرک شۆپ یان بەشداربوو. لەپاڵ کۆنفرانسەکە پێشانگای ’خەیاڵکردنی شتەکان بە شێوەیەکی جیاواز: هونەری هاوچەرخ لە کوردستان‘مان ڕێکخست، کە بەشێک لە بەشداربووانمان کارەکانیان تێیدا نمایش کرد.

3 ئەم زاراوەیە لەلایەن ئوموت کوروزوم بەکارهێنراوە. بڕوانە
Umut Kuruuzum, ‘In Search of Futures: Uncertain Neoliberal Times, Speculations, and the Economic Crisis in Iraqi Kurdistan’, in *Comparative Kurdish Politics in the Middle East: Actors, Ideas, and Interests*, edited by Emel Elif Tugdar and Serhun Al (Cham: Palgrave Macmillan, 2018), p. 190.

لە ماوەی ١٨ مانگدا (٢٠٢١-٢٠٢٣) تیمی لێکۆڵینەوەکەمان[٤] ٤٨ چاوپێکەوتنی کراوە و نافەرمییان لەگەڵ هونەرمەندان و چالاکڤانانی گەنجی دانیشتووی پارێزگا و شارەکانی دهۆک، سلێمانی و هەولێر کردووە[٥]. نزیکەی نیوەی چاوپێکەوتنەکانمان ڕووبەڕوو لەگەڵ کەسەکان بووە، لە کاتێکدا نیوەکەی دیکە بەشێوەی سەرهێڵ/ئۆنلاین کردووە، هەرچەندە چەند بەشداربوویەک وەڵامدانەوە بە نووسینیان هەڵبژارد. هەندێک لەو کەسانەی ڕووبەڕوو بینیمانن ستۆدیۆکانی خۆیان (بەزۆری لە ماڵەکان)یان پیشانداین یان لە کافێ ناسراوەکاندا یەکدیمان دەبینی. بەهۆی کەمی شوێنی گشتی لە هەرێمی کوردستانی عێراق، یان بەهۆی خراپی و کۆنترۆڵکردن، زۆر لەو هونەر و چالاکگەرییەی سەرنجی ئێمەیان ڕاکێشا بەشێوەی ئۆنلاین/سەرهێڵ ئەنجام دەدران، هەر بۆیە ئێمە چاودێری کاری بەشداربووەکانمان لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەکرد.

مێتۆدی توێژینەوەکەمان لەنێو سنووری لێکۆڵینەوەی فێمێنیستی بان نەتەوەیی و پاش-داگیرکاریدایە، کە لەناو هەوڵە ناسیۆنالیستییەکان و شەڕ و نائارامییە بەردەوامەکاندا، بەشێوەیەکی ڕەخنەیی لە نێویەکی چالاکگەریی ژنان بۆ یەکسانی لەسەر بنەمای جێندەر و دادپەروەری دەڕوانێت. ئێمە لە شیکارییەکانماندا، جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە چۆن پێکهاتەکانی گەشەی نوێ-لیبڕاڵ، بەسەربازگەکردن و توندوتیژیی سیاسی کاریگەری لەسەر شێوازەکانی بەرهەمهێنانی هونەرمەندانی گەنج و تێگەیشتنی ئەوان لە خۆ لەنێو بەستێنی نائارامی و ‹گیربوون›[٦] و ‹چاوەڕوانێتی›[٧]دا دادەنێت. ئێمە دەڵێین نەوەی نوێی هونەرمەندان و چالاکڤانان هاتوونەتە ناو گفتوگۆ جیهانییەکان لەبارەی داد و یەکسانی، هەرچەندە بەهۆی بونیادی ‹خۆزگەخوازی› یان نیمچە-دەوڵەتی هەرێمی کوردستانی عێراق[٨] و پەیوەندی نایەکسانی و ناهاوسەنگی نێوان هاووڵاتیان و بەرپرسان، قەیرانە ئابوورییە بەردەوامەکان و دۆخی لاوازیی ئاسایش لە هەرێمەکەدا، ئەوا شوێنی چالاکگەریی چالاکڤانان و بەرهەمهێنان و نمایشی هونەری بە کەمی ماوەتەوە، بۆیە کاریگەرییەکانیشیان سنووردارە. ئێمە ئەوەمان بۆ دەرکەوت لەبەر سنوورداریێتی دەرفەتەکانی پشتگیریی دارایی، نەبوونی پەروەردەی هونەری، سنوورداریێتی حەز و شوێنی گشتی، زۆرینەی هونەری بینەکی لە پێش و پاش کۆڕۆناش لەناو شوێنە تایبەتەکانی کەسەکان وەک ماڵ، شوقە و ژووری خەو- بەرهەمدەهێنرێن.

4 نووسەران سوپاسگوزارن بۆ بەشداری هاوبەشی پی ئای بەیار ئێم سێڤدین و یاریدەدەری توێژینەوەکەمان میدیا خودور بۆ بەشدارییە پڕ بەهاکەیان لەم پڕۆژەیەدا. هەروەها بۆ سەرنجە ڕەخنەگرانە و وردەکانیان، ئێمە سوپاسی پێداچوونەوەکارانی نادیار، پەنیز موسەوی ناتانزی، مەیرەد سمیس، ناژدە ئەلعەلی و هاوژین عەزیز دەکەین کە ڕەشنووسی پێشووتری ئەم توێژینەوەیەیان خوێندەوە. ئەو ئارگیومێنتانە (و کەموکوڕییە شیمانەییەکان) کە لێرەدا خراوەتەڕوو، بەتەواوی بەرپرسیارێتی ئێمەیە.

5 چاوپێکەوتنەکان بە سۆرانی، بادینی، عەرەبی و ئینگلیزی ئەنجامدراون، وەرگێڕدراون و نووسراون.

6 Ghassan Hage, ‘Waiting Out the Crisis: On Stuckedness and Governmentality’ in *Waiting*, edited by Ghassan Hage (Carlton: Melbourne University Press, 2009), 97–106.

7 Bahar Baser and Shivan Fazil. ‘“They Hear Us But They Do Not Listen to Us”: Youth Narratives on Hope and Despair in the Kurdistan Region of Iraq’, *International Journal of Conflict and Violence* 16 (2022): p. 11.

8 دێنیس ناتالی پێناسەی ’نیمچە-دەوڵەت‘ دەکات وەک یەکەیەکی سیاسی کە سەروەری ناوخۆیی هەیە بەڵام هیچ سەروەری دەرەکی نییە، بەدوای ئۆتۆنۆمی یان سەربەخۆیی دەگەڕێت، دەکرێ شێوە دەوڵەتێک یان بزووتنەوەیەکی یاخیبوو بێت کە کۆنترۆڵی بەسەر هەندێک خاکدا هەبێت، هەرچەندە پێگەی یاسایی حکومەتە سەروەرەکانی نییە.
Denise Natali, *The Kurdish Quasi-State: Development and Dependency in Post-Gulf War Iraq* (Syracuse: Syracuse University Press, 2010), xxi.

هەرچەندە ئەمە لە شارێکەوە بۆ شارێکی دی (دهۆک، هەولێر، سلێمانی)[9] جودایە، زۆرینەی ئەو پێشانگەیانەی دەکرێنەوە هونەرمەندان خۆیان یان ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان[10] پشتگیریی داراییان دەکەن، بۆیە تەنیا چەند هونەرمەندێکی کەم دەرفەتی دەرکەوتنی فراوانتر بەدەستدەهێنن.

لە خوارەوە، ئێمە پێش ئەوەی بەدواداچوون بۆ چالاکگەریی ژنان و بەرهەمهێنانی هونەری لە هەرێمەکەدا بکەین، وردەکاری دانوستاندنی تێگەیی کە ئەم توێژینەوەیە لەبارەیەوە دەئاخڤێ دەخەینەڕوو. پاشان ئێمە گفتوگۆی تێما و ئاستەنگە سەرەکییەکان دەکەین کە شێوە بە بەرهەمی هونەری و چالاکگەریی بەشداربووەکان دەدەن. ئەمەش چۆن پەیوەندی بە گۆڕانکارییە سیاسی-کۆمەڵایەتییە فراوانترەکانی هەرێمەکەوە هەیە. ئێمە ئەوە نیشان دەدەین کە زۆرینەی گەنجە چالاکڤانەکان خۆیان لەنێو کۆمەڵەی خوێندنەوە، بازنەی کولتووری و ئەدەبی سەربەخۆ ڕێکخستووە بۆیە باسی ئەوە دەکەین ئەمە ئاماژە بە گۆڕانکارییەکی بەردەوام دەدات لە نەریتەکانی سیاسەتی حیزب و دامەزراوە کولتوورییەکانەوە ڕووەو فرەکردنی شوێنەکان بۆ بەشدارییەکی ڕەخنەییانە.

### نە/بزووتن لەنێو دۆخی ‹خۆزگەخوازی›دا

هونەر وەک بەرخۆدان و چالاکگەریی گەنجانە وەک بزوێنەری گۆڕانکاری شوێنێکی گرنگ لەناو لێکۆڵینەوەکان لەبارەی هەرێمی سوانا (باشوری ڕۆژئاوای ئاسیا/باکوری ئەفریقا) داگیردەکات، دوابەدوای هەڵچوونێکی داهێنەرانە کە هاوکات لەگەڵ ئەوەی پێی دەگۆترێ ‹‹بەهاری عەرەبی››،[11] ساڵانی سەرەتای شەڕی ناوخۆی سوریا[12] و پاشان لە ماوەی خۆپیشاندنەکانی ساڵی ٢٠١٩ لە عێراق و لوبنانەوە[13] ڕووی دا. لەوساوە ‹کولتووری باو› یان ‹کولتوورە گشتییەکان›[14] بەشێوەیەکی سەرەکی وەک ‹‹ شوێنی تێکۆشان لەسەر جێندەر، ناسنامەی نەتەوەیی و سێکسوالی، وەک ئامرازی بونیادنانی هاوکاریی سیاسی و وێناکردنەوەی هاووڵاتیەتی››[15] تیۆریزەکراون. ئەو ئیشانەی لەلایەن

9 زۆرجار شاری سلێمانی بە ’پایتەختی ڕۆشنبیری‘ هەرێمەکە ناودەبرێت و شوێن و دەستپێشخەری زیاتری تایبەت بە هونەری هەیە، وەک کارگەی تووتن، گەلەری ئیستا، دامەزراوەی ڤیم و ئارت فرۆش، یان کەشکۆڵ لە زانکۆی ئەمریکی عێراق- سلێمانی. بڕوانە see Joshua Levkowitz, ‘Iraqi Artists Transform Derelict Tobacco Factory into Culture Hub.’ *Al-Monitor*, 2018. Available at https://www.al-monitor.com/originals/2018/05/tobacco-factory-finds-second-life-as-culture-center.html; Winthrop Rodgers, ‘Artistic Heart of Iraq’s Kurdistan Thrives, but Wants More Public Engagement.’ *Al-Monitor*, 2023. Available at https://www.al-monitor.com/originals/2023/02/artistic-heart-iraqs-kurdistan-thrives-wants-more-public-engagement; Kashkul Project, available at http://www.kashkul.com/#/; Esta Gallery, available at https://www.facebook.com/Esta-Gallery-107957462121822 (all accessed 8 March 2023), Art Frosh, available at https://artfrosh.krd/ (accessed 20 June 2023).

10 لە هەولێر پەیمانگای فەرەنسی و پەیمانگای گۆتە هەرە دیارن بەڕێی کۆنسێرت، پێشانگە و هاوکارییە داراییەکانیان، بۆ نموونە پرۆژەی هێلان؛ پرۆژەیەکی پێشانگای هونەری هاوبەش لە نێوان گەلەری سێڤ، قوتابخانەی فۆتۆ-ڕۆژنامەگەری چوارچێوەنان و پەیمانگای گۆتە.

11 Charles Tripp, *The Power and the People: Paths of Resistance in the Middle East* (Cambridge: Cambridge University Press, 2013); Charles Tripp, ‘Art, Power and Knowledge: Claiming Public Space in Tunisia’, *Middle East Law and Governance* 8/2–3 (2016): 250–74.; Ruba Salih and Sophie Richter-Devroe, ‘Cultures of Resistance in Palestine and Beyond: On the Politics of Art, Aesthetics, and Affect.’ *The Arab Studies Journal* 22/1 (2014): 8–27.

12 Creative Memory of the Syrian Revolution. Available at https://beta.creativememory.org/ (accessed 20 June 2023).

13 Balsam Mustafa, ‘All About Iraq: Re-Modifying Older Slogans and Chants in Tishreen [October] Protests’, *Journal of Asian and African Studies* 58/3 (2022): 401–20; Jeffrey G. Karam and Rima Majed, eds. *The Lebanon Uprising of 2019: Voices from the Revolution* (London: I.B. Tauris, 2022).

14 Charles Tripp, ‘Political Thinking Performed: Popular Cultures as Arenas of Consent and Resistance.’ *British Journal of Middle Eastern Studies* 48/1 (2021): pp. 7–23.

15 Dalia Said Mostafa, Nicola Pratt, and Dina Rezk, ‘New Directions in the Study of Popular Culture and Politics in the Middle East and North Africa’, *British Journal of Middle Eastern Studies* 48/1 (2021): p. 2.

بەشداربووەکانمانەوە بەرهەمهاتوون واتای ئەوە ناگەیەنێت کە لەگەڵ کاتیگۆریی ‹کولتووری باو›دا دەگونجێن، چونکە ئەوەی بەرهەمیان هێناوە زیاتر لە سەرەتادایە و بەزۆری پشتگیریی دارایی پێویست یان هێزی سیاسییان نییە تاکوو بەفراوانی دەربکەون. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو گەنجانەی لێرەدا گونجاون، ئەو بابەتانەی وا هەرێمی کوردستانی عێراقیان ئاستەنگ کردوە، کێشەئامێز دەکەن.

توێژینەوەی نوێ لەبارەی گەنجان لە هەرێمی کوردستانی عێراق بەڕوونی ئەوە دەردەخات کە زۆرینەی گەنجان، بەتایبەتی لە ساڵی ٢٠١٤ و دەستپێکی قەیرانی ئابوورییەوە، بێهیوان و لە دەسەڵات ناڕازی و لێی بێهیوان. حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەرفەتێکی زۆر کەم بۆ بەشداری سیاسی پێشکەش دەکات، هەروەها حکوومەت ناتوانێت بەرەوڕووی گەندەڵی بێتەوە، ڕێژەی بەرزی بێکاری کەم بکاتەوە و بەسەر قەیرانە داراییەکان یان زیادبوونی دابەشبوونە سیاسییەکاندا[16] ڕابگات. لە ئەنجامدا، زۆر لە بەشداربووەکان لەبارەی هەستی ‹‹گیرخواردن/چەقبەستن››[17] دەئاخڤین و خۆیان لەنێو دۆخی ‹‹چاوەڕوانێتی›› درێژبۆوە بۆ ڕۆژە باشترەکان دەبیننەوە، گرێدراو بە پێشبینی بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ، کە تێیدا شتەکان ڕەنگە بەرەو باشتر بچن[18]. ئوموت کوروزوم لە توێژینەوەکەیدا لەبارەی هەرێمی کوردستانی عێراق زاراوەی دۆخی ‹‹خۆزگەخوازی›› (‘would be’ state) بەکاردەهێنێت، قەوارە/کیانێک کە هێشتا نا، بەڵام پێشوەختە بەڵێنی داهاتوویەکی گەشتری داوە دوای کاتێکی نادیاریکراو لەنێو ئەم قۆناغی گواستنەوەیەی هەنووکە تێدایەتی. هەرچەندە، ئەم ئایدیالیزەکردنەی داهاتوو (کە زۆرینەی کێشەکانی هەنووکەی بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی تێدا چارەسەر دەبێت، بۆیە پێویست نییە ئێستا پێیانەوە خەریک بین) وەک تەکنیکی حوکمڕانی،[19] لەگەڵ ئەزموونی ژیانی زۆربەی بەشداربووەکاندا یەکناگرێتەوە، کە ڕۆژانە بەڕێی ناجەختێتی و نادڵنیاییەوە نەک بەڕێی باوەڕبوون بە ئایندەیەکی هیواخوازانەوە دیاری دەکرێت.[20] سەرەڕای ئەم هەستە گشتییەی سستی، لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا هیچ بزووتنەوەیەک نییە کە بەشێوەیەکی ڕێکخراو شەڕ بۆ گۆڕانکاری سیاسی بکات و ئامرازی داهێنەرانە بۆ ئەم مەبەستە بەکاربهێنێت. لەبری ئەوە زۆربەی گەنجان هەوڵدەدەن کۆچ بۆ ئەورووپا بکەن، یان لە دەرەوەی مەیدانی سیاسیدا، لە دەستپێشخەرییە بچووکەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی یان ‹وردە-سیاسەت›[21]دا چالاک بن و لە ڕێگەی هونەرەوە ناڕەزایەتییەکانیان دەرببڕن. وەک بەشێک لەو دەستپێشخەرییانە، هونەرمەندان و چالاکڤانانی گەنج کاری هونەری بەرهەمدەهێنن کە زۆرکات ڕوانگەی فێمێنیستی دەخەنەگەڕ و ڕەخنەی فێمێنیستی پێش دەخەن. زاراوەی ‹فێمێنیزم› یان

[16] Shivan Fazil, ‘Understanding the Roots of the Younger Generations’ Despair in the Kurdistan Region of Iraq.’ *Arab Reform Initiative*, 2023. Available at https://www.arab-reform.net/publication/understanding-the-roots-of-the-younger-generations-despair-in-the-kurdistan-region-of-iraq/ (accessed 19 June 2023); Sajad Jiyad, Müjge Küçükkeleş, and Tobias Schillings. Economic Drivers of Youth Political Discontent in Iraq: The Voice of Young People in Kurdistan, Baghdad, Basra and Thi-Qar. *Global Partners Governance*, 2020, p. 50. Available at https://gpgovernance.net/publications/economic-drivers-of-youth-political-discontent-in-iraq-the-voice-of-young-people-in-kurdistan-baghdad-basra-and-thi-qar/ (accessed 6 March 2023); Kamaran Palani, ‘Youth Radicalization in Kurdistan: The Government Response’, Youth Identity, Politics and Change in Contemporary Kurdistan, edited by Shivan Fazil and Bahar Baser (Transnational Press: London, 2021), pp. 223–37.

[17] Ghassan Hage, ‘Waiting Out the Crisis: On Stuckedness and Governmentality’.

[18] Bahar Baser and Shivan Fazil. ‘“They Hear Us But They Do Not Listen to Us”’, p. 11.

[19] Umut Kuruuzum, ‘In Search of Futures: Uncertain Neoliberal Times, Speculations, and the Economic Crisis in Iraqi Kurdistan’, 2018, p. 190.

[20] Cale Salih and Maria Fantappie, ‘Kurdish Nationalism at an Impasse’, *The Century Foundation*, 2019. Available at: https://tcf.org/content/report/iraqi-kurdistan-losing-place-center-kurdayeti/ (accessed 20 June 2023).

[21] Jiyad, Küçükkeleş, and Schillings. Economic Drivers of Youth Political Discontent in Iraq.

‹چالاکگەریی فێمێنیستی› لە هەرێمی کوردستانی عێراق و هەرێمی سواناداﺩﺍ،[٢٢] زاراوەگەلی جێگای موناقشە یان ناسنامە دیاریکەرن، لەو شوێنانەدا ئەم زاراوانە زۆربەی کات وەک شتێکی نامۆ بە ‹کولتوور› یان وەک بەشێکی سەرەکی لە سیاسەتی ئیمپریالیستی، داگیرکاری و ژێردەستەکردن سەیر دەکرێن.[٢٣]

## دوورکەوتنەوە\بەجێهێشتنی (فێمینیزمی-٢٠٠٣)

ژنان بەدرێژایی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم، ڕۆڵێکی سەرەکییان لە شەڕکردن بۆ سەربەخۆیی کورد لە هەردوو ڕووی سیاسی و سەربازییەوە[٢٤] هەبووە. هەرچەندە لە پاش ١٩٩١ەوە کاتێک پرۆسەی بونیادنانی دامەزراوەکان دەستی پێکرد،[٢٥] داواکارییەکانی ژنان بۆ یەکسانی و دادپەروەری لەسەر بنەمای جێندەر بەگشتی پەراوێزخران. لە ١٩٩٠ەکاندا، دوای دامەزراندنی ناوچەی دژەفڕین، هەرێمی کوردستان بەڕێی شەڕێکی دیکەوە، ئەم جارە شەڕی نێوان حیزبە ناکۆکەکان (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان) داهێزرا. ئەوە ئەو سەردەمە بوو کە تێیدا توندوتیژیی لەسەر بنەمای جێندەر پتر هەڵکشا، کوشتن بەناوی شەرەف ڕۆژانە ڕوویدەدا و بەهۆی نەبوونی ئارامی و ئاسایش دەرکەوتنی ژنان لە مەیدانی گشتییدا سنووردار بوو.[٢٦] سەرەڕای شەڕ و ناسەقامگیرییە بەردەوامەکان، ژنان بەبەردەوامی و بەسەرکەوتوویی خۆیان لە دەوری کێشەگەلی وەک یاسای باری کەسێتی ڕێکخستووە، بەتایبەتی دوای ٢٠٠٣ کاتێک ڕژێمی سەدام حوسێن ڕووخا و فێمێنیزمی لیبراڵ وەک بەشێکی دانەبڕاو لە داگیرکردن و ڕێکفکردنی عێراق گەشەی کرد. لە ئەمڕۆدا حکومەتی هەرێمی کوردستان بەفەرمی بەڵێنی پشتگیریی بڕیاری ١٣٢٥ی نەتەوە یەکگرتووەکان، سیداو (CEDAW) و ئەجێندای ژنان، ئاشتی و ئاسایش (WPS)ی داوە. هەرچەندە وەک زەینەب کایە باسی دەکات، ئەم پشتگیرییە بۆ ئەوەیە کە ‹‹بەڕێی پیشاندانی ئەو جۆرە پابەندبوونە بە ستانداردە نێودەوڵەتییەکانی یەکسانی جێندەری، حکومەت ئامانجییەتی وێنەیەکی ئەرێی لەناو هاوپەیمانە سەرەکییە نێودەوڵەتییە گریمانەییەکان بەدەستبهێنێت››.[٢٧] ئەم ئارگومێنتە هاوشێوەی وەڵامی زۆر لە بەشداربووەکان بوو، کە هەست دەکەن حکومەتەکەیان و دامەزراوەکانی تەنیا بەزارەکی گرنگی بە ‹کێشەکانی ژنان› دەدەن. لەگەڵ ئەوەشدا، فێمێنیست و نا-فێمێنیستەکانیش ئەوە دەردەخەن کە ژنان لە

[22] Deniz Kandiyoti, ‘Between the Hammer and the Anvil: Post-Conflict Reconstruction, Islam and Women’s Rights’, *Third World Quarterly* 28/3 (2007): 503–17; Nadje Al-Ali,. ‘Feminist Dilemmas: How to Talk About Gender-Based Violence in Relation to the Middle East?’ *Feminist Review* 122/1 (2019): 16–31; Diana Alghoul, ‘Interview: On the Shaming of Arab Feminists’, *The New Arab*, 16 August 2017. Available at https://www.newarab.com/analysis/interview-shaming-arab-feminists (accessed 28 February 2023).

[23] Lila Abu-Lughod, *Do Muslim Women Need Saving?* (Cambridge, MA: Harvard University Press, 2013); Nadje Al-Ali, *What Kind of Liberation? Women and the Occupation of Iraq* (Berkeley: University of California Press, 2009).

[24] Nazand Begikhani, Wendelmoet Hamelink, and Nerina Weiss., ‘Theorising Women and War in Kurdistan: A Feminist and Critical Perspective’, *Kurdish Studies* 6/1 (2018): 5–30; Choman Hardi, ‘Women’s Activism in Iraqi Kurdistan: Achievements, Shortcomings and Obstacles’, *Kurdish Studies* 1/1 (2013): 44–64.

[25] Nadje Al-Ali and Nicola Pratt, ‘Between Nationalism and Women’s Rights: The Kurdish Women’s Movement in Iraq’, *Middle East Journal of Culture and Communication* 4/3 (2011): 339–55; Natali, *The Kurdish Quasi-State*.

[26] Shahrzad Mojab,. ‘No ‘Safe Haven’: Violence Against Women in Iraqi Kurdistan’, in *Sites of Violence: Gender and Conflict Zones*, edited by Wenona Giles and Jennifer Hyndman (Berkeley: University of California Press, 2004), pp. 108–33; Minoo Alinia, *Honor and Violence against Women in Iraqi Kurdistan* (New York: Palgrave Macmillan, 2013).

[27] Zeynep Kaya, ‘Outperforming Baghdad? Explaining Women’s Rights in the Kurdistan Region of Iraq’, *LSE Women, Peace and Security Blog*, 2017. Available at https://blogs.lse.ac.uk/wps/2017/02/08/outperforming-baghdad-explaining-womens-rights-in-the-kurdistan-region-of-iraq/ (accessed 28 February 2023).

زۆر ڕوانگەوە فشار بۆ یەکسانی لەسەر بنەمای جێندەر و دادپەروەری دروست دەکەن، بەڵام لیبراڵ فێمێنیزم لە ئێستادا بەڕێی ‹جێندەر قبووڵکردن›، ‹ڕێژەی ژنان› (quota)، ‹ڕاهێزانی ژنان›، و ‹کارگێڕیتی ژنان› سەرەکیترین ڕۆڵ دەگێڕێت لەناو بازنەکانی سیاسەت دارشتن و لەنێو ئەو ڕێکخراو و دامەزراوە نێودەوڵەتییانەی کە لە هەرێمی کوردستاندا کاران. هەروەها ئەمە ئەو جۆرەی فێمێنیزمیشە کە ئێستا بەزۆری لەلایەن گەنجانی چالاکڤانەوە ڕەخنە دەکرێت، کە بەهۆی زمان، کردار و نەبوونی کاریگەری درێژمەودای ئەم جۆرە لە فێمێنیزم هەست بە نامۆبوون دەکەن.[28]

بۆیە بەدەر لە کاردانەوەی فراوانتری دژە-فێمێنیستی کە دیاردەیەکی جیهانییە، ئێمە لە هەرێمی کوردستانی عێراق شایەتحاڵی ساتی ‹ئیتر-نا-بۆ-فێمێنیزم›ین. لەوێ زۆر لە گەنجانی چالاکڤان خۆیان زیاتر ڕووەو ڕێگە یان ڕێکخستن و بزووتن یان بەرهەمهێنانی زانینی هونەری و کولتووری ناوچەیی یان ‹خۆجێی› ئاراستە دەکەن تاکوو دەنگیان ببیسترێت. بۆ زۆرێک لە بەشداربووان ئەمە هەروەها کاردانەوەیەکیشە بەرانبەر بونیاد و کردەی نوخبەگەری ڕێکخراوەکانی ژنان لە هەرێمی کوردستان، کە لە ٢٠٠٣ەوە دەستی پێکردووە:

پێم وایە ڕێکخراوەکانی ژنان و کێشە جێندەرییەکان لێرە کاریگەرییەکی خراپیان هەبووە. کاتێک دەڵێم من ‹‹فێمێنیستم››، و پەیامێکی فێمێنیستیم هەیە، ڕووبەڕووی ڕەخنە دەبمەوە. ئەوان دەڵێن ‹ئەوە تۆ باسی چی دەکەی، لەناو ئەو ڕێکخراوانەدا کڕین و فرۆشتن بە ژنانەوە دەکرێت›. وێنەیەکی زۆر نەرێنی لەبارەی ئەوانەوە لەناو کۆمەڵگە هەیە، بەڕاستی بەو جۆرەشن، ئەوان چالاکیی کاریگەریان نییە، ئەوان تەنیا کۆبوونەوە ڕێکدەخەن و ئەو بودجەیەی هەیانە خەرجی دەکەن، لێرەوە و لەوێ کۆدەبنەوە و لەبارەی ئەم و ئەو قسە دەکەن، هەموو کات هەمان کێشە کۆنەکان دەڵێنەوە. ئەوان هیچ بیرۆکەیەکی نوێ پێشکەش بە خەڵک ناکەن.››[29]

لانە شێخە گەنجێکی فێمێنیست، وەرگێڕ و ئەندامی مینێرڤا[30]، ئەو بیرۆکە و هەستە گشتییەی بۆ دەربڕین کە ئێمە زۆر جار لە ماوەی توێژینەوەکەماندا ئەزموونمان کردبوو: گەنجانی چالاکڤانی فێمێنیستی هیچی دیکە هەست ناکەن کە لەلایەن ڕێکخراوەکانی خۆبەستوو بە حیزبە سیاسییەکان، دامەزراوەکانی حکوومەت یان پشتگیرییە داراییە نێودەوڵەتییەکانەوە، نوێنەرایەتی دەکرێن. ‹ئێمە لێرە پێویستمان بە جۆرێکی جودای فێمێنیزم هەیە، ئەوەی هەمانە لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە هیچ شتێکی نەکردووە و لەگەڵ کولتووری ئێمە ناگونجێت› ئێمە چەندین جار پێمان وتراوە -گەرەکە بەشدارییەکی ڕەخنەیی لەتەک فێمێنیزمی لیبراڵ و پەیوەندی بە سیاسەتی نوێ-خۆپارێزیی و ئەجێندای بەخشەرەکان، هەروەها شێوازی بڵاوبوونەوەیان لە هەرێمەکە پیشان بدرێت.[31]

28 ئەمە ئەو واتایە ناگەیەنێت کە ژنان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا دەستکەوتێکی زۆریان بەدەست نەهێناوە، بەڵام بۆمان دەرکەوت کە زۆربەی خەڵک ئەم سەرکەوتنانە ناگەڕێننەوە بۆ ڕێکخراوەکانی ژنان کە لەلایەن بیانییەکانەوە پارەیان بۆ دابین دەکرێت یان لەلایەن حکومەتەوە پشتگیری دەکرێن.

29 Online interview with translator and activist Lana Shekha, 28 December 2021.

30 مینێرڤا پلاتفۆرم و بڵاوکەرەوەیەکی ئۆنلاینە و لە ساڵی ٢٠٢١ لەلایەن کۆمەڵێک گەنجەوە دامەزراوە کە لە نێوان تاراوگە و هەرێمی کوردستانی عێراق دامەزراون، پەرە بە هونەر، فێمینیزم، بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و شیکاری دەدات. بڕوانە.
Available at http://minervapubl.com/ (accessed 28 February 2023).

31 ئەم بیرکردنەوە و تەحەداکردنی فێمینیزمی ڕۆژئاوایی یان لیبراڵ، لە هەمان کاتدا لە ژنۆلۆژی ( ‹زانستی ژن›)دا دەنگدانەوەی هەیە، بە سەرکردایەتی بزووتنەوەی ئازادیی ژنانی کورد، کە لە سەرانسەری بەشە جیاوازەکانی کوردستان، ئەوروپا و ئەمریکای لاتین پراکتیک دەکرێت. بڕوانە:
Eleonora Gea Piccardi, 'The Challenges of a Kurdish Ecofeminist Perspective: Maria Mies, Abdullah Öcalan, and the Praxis of Jineolojî.' *Capitalism Nature Socialism* 33/1 (2022): 46–65; Nadje Al-Ali and Isabel Käser, 'Beyond Feminism? Jineolojî and the Kurdish Women's Freedom Movement.' *Politics & Gender* 18/1 (2022): 212–43.

ئەمە لەگەڵ هەڵسەنگاندنەوەی ئەو زمانە دەبێت کە خەڵک دەتوانێ پەیوەست بێت پێیەوە. هەروەها پێویستە بە جۆرێک بکرێت کە تێیدا ژنان-ئەوانەی هەست بە بەهێزی دەکەن- بەتەنیا جێنەهێڵرێن یان بەهۆی ئەوەوە لەناو کۆمەڵگە شەرمەندەنەکرێن. ڤەژین شەوکەت کۆمەڵناس لە زانکۆی دهۆک و هاو-دامەزرێنەری ڕێکخراوێک لەناوەڕاستی جەنگ دژ بە داعش، کێشەی خێرایی و پلاندانانی هێنایە پێشەوە: ‹هەست دەکەم ئێمە زۆر خێرا ڕا دەکەین. هەموو ئەو خێرا ڕۆیشتنە، بەرەو هیچ ئاڕاستەیەکی دیاریکراو نییە، تەنیا ڕۆیشتنە. هیچ کەسێک نازانێ بەرەو کوێ دەڕۆین، ئێمە تەنیا دەڕۆین!›[٣٢]

ئەم تێگەیشتنە کە ‹ئێمە دەبێ هەنگاوێک بەرەو دواوە بگەڕێینەوە و هەڵسەنگاندن بکەینەوە› پەیوەندی بە گەشەکردنی ئاگاییەوە هەیە لەناو کەسانی چاوپێکەوتن لەگەڵ کراو کە گەشەی خێرای نوێ-لیبراڵ لە هەرێمەکەدا دوای ٢٠٠٣ بۆتە هۆی لێکدابڕانێکی گەورە لە نێوان قسە و کردار، ڕوانگە و کاریگەری ڕاستەقینە، سوودمەندان و پەراوێزخراوان.[٣٣] یەکێکی دیکە لە تێگەیشتنە گشتییەکان ئەوەیە کە ‹نەوەی ٢٠٠٣› -وەک گەندەڵ، ناکارامە و ڕووکەش دەبینرێن- فێمێنیزمیان بۆ گەنجانی ئێستا تێکشکاندووە، کە ئەو گەنجانە دەیانەوێ بانگەشەی فێمێنیزم بکەن بەڵام وا هەست دەکەن کە سەرەتا دەبێ خۆیان لە زۆر هەڵەتێگەیشتن جودا بکەنەوە ئەوجا ئاڕاستەیەکی نوێ وەربگرن.[٣٤]

بەدەر لە خێرایی بێئاڕاستە و بێگانەبوون، ترس یەکێکی دیکە بوو لە تێما دووبارەکان لەکاتی چاوپێکەوتنەکانماندا: قسەوقسەڵۆکی خراپ، بەزاندنی هێڵە دیاریکراوە مۆڕاڵییەکان و ئەو کاردانەوانەی کە ڕەنگە یەکێک ڕووبەڕووی ببێتەوە کاتێک وەک ژن هەڵوێستی گشتی وەردەگرێت. ڕاز خەیدان هونەرمەندی فرەبابەتی کە ئێستا نیشتەجێی لەندەنە پێشتر گەڕابووەوە هەرێمی کوردستان و بۆ ساڵانێکی زۆر لە هەولێر کاری کردووە، بەم شێوەیە ڕوونی کردەوە:

لەبەرئەوەیە کە لێرە و لەوێ دەستپێکی بچووک هەن، بەڵام هیچ بزووتنەوەیەک بوونی نییە چونکە هیچ کەس بەتەواوی نایەوێ بەرانبەر کاردانەوەکان کرداربنوێنێت. نەخێر، ئێمە پەیوەندییەکی ژەهر، ژەهراویمان ڕووەو ژنان هەیە. ژنێک ناتوانێ تەنانەت لە هەواڵێکدا دەربکەوێت بەبێ ئەوەی هەزاران کۆمێنتی نەشیاوی لەژێر ڤیدیۆکەیدا بۆ نەیەت. ئێمە ژنانی خۆمان زۆر بێبەها دەکەین، تەنانەت ئەگەر بزووتنەوەیەکی فێمێنیستیش هەبێت ئەوا ئەوپەڕی چەند کاتژمێرێک یان ڕۆژێک دەمێنێتەوە، چونکە ژنان دەترسن پەیوەندی پێوە بکەن.[٣٥]

ئامانجی ئێمە لێرەدا شیکاری دۆخی چالاکگەریی فێمێنیستی یان بێکاریگەریی ڕێکخراوەکان نییە کە ئیش لەسەر کێشەکانی ژنان دەکەن، بەڵکوو دیاریکردنی هۆکارگەلی ئەوەی بۆچی زۆرینەی بەشداربووان خۆیان لە ئێنجیئۆ و ڕێکخراوەکانی ژنان دووردەخەنەوە. لەو بەشەی خوارەوە، بەکورتی بەشێوەیەکی مێژوویی لە هونەرکردنی ژنان لە هەرێمی کوردستانی عێراق دەڕوانین پێش ئەوەی تیشک بخەینە سەر هەندێ شوێن و دەستپێشخەری نوێ. ئێمە گەڵاڵەی ئەو ئاڵنگارییانە دەکەین کە چالاکگەریی یان بەرهەمهێنانی هونەری نیمچە سەربەخۆ ڕووبەڕوویان دەبنەوە و دەپرسین چ جۆرە گۆتارێک، پراکتیکی ڕێکخراوەیی یان کاری هونەری لەناو ئەو شوێنگەلە تازەیە بەرهەمهاتوون.

32 Interview with sociologist Vajeen Shawkat, Erbil, University of Duhok, 21 June 2022.

33 Kuruuzum, 'In Search of Futures'.

34 جگە لەوەی کە ئەم جۆرە تێڕوانینە هەڵانە وەک فێمینیست= لەشفرۆشی لەخۆدەگرن نامۆیە، بەڵام هەندێک لە ڕێکخراوەکانی ژنان تۆمەتبار کراون بە بازرگانیکردن بە ژنان. چالاکوانانی گەنجی دیکە لەگەڵ تۆمەتی ئەگەر بەشداری چالاکگەریی فێمینیستی بکەن، ئەوا تەنیا بۆ بەدەستهێنانی ئازادیی سێکسی پێش هاوسەرگیرییە، دەجەنگن.
Interview with Vajeen Shawkat; interview with feminist activists Hevî and Rezhwan, Erbil, 28 April 2022; online interview with student activist Srusht Birani, 1 July 2022.

35 Online interview with multidisciplinary artist Raz Xaidan, London/Erbil, 8 September 2022.

## پرسیارە هەنووکەییەکان، دیلێما کۆنەکان: هونەر-کردن دوای ٢٠١٤

لە حوزەیرانی ٢٠٢١دا پێشانگەی ‹‹ژێرزەمین›› لە ئەمنە سوورەکە لە سلێمانی کرایەوە، کە تێیدا کاری نەوەی نوێی هونەرمەندانی تێدا نمایش کرابوو، پێشانگەکە پرسیارگەلێکی لەبارەی جێندەر و زایەند لە کۆمەڵگەی کوردی هێنابووە گۆڕێ. ئەمنە سوورەکە زیندانێکی بەدناوی سەردەمی ڕژێمی بەعسە کە تێیدا ژمارەیەکی زۆر زیندانی سیاسی لە سەردەمی سەدامدا ڕووبەڕووی ئەشکەنجەدان و لەسێدارەدان بوونەتەوە. ئەم زیندانە دوای ٢٠٠٣ بۆ مۆزەخانە وەرگۆڕدراوە. نیگا سەلام ڕێکخەری پێشانگەکە لەبارەی پێشانگەکەوە وەک بەشێک لە ‹بزووتنەوەیەکی نوێ›، ‹ڕوانگەیەکی نوێ› قسەی کرد، چونکە ئەو کارە هونەرییانەی نمایش کرابوون تیشکیان دەخستە سەر کێشەگەلێک کە کاریگەرییان لەسەر لەشی ژن هەیە: زیادبوونی نەشتەرگەری جوانکاری، نۆرمە جێندەرییە کۆنەخوازەکان، توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر و پرسیاری خاوەنداریەتی لەشی ژنان.[٣٦]

ئەم شێوەیە لە بەرهەمهێنانی زانینی هونەری دەکرێ بگەڕێنرێتەوە بۆ دوای ڕاپەڕینی کورد لە ساڵی ١٩٩١، کاتێک هونەرمەندان بابەتەکانی وەک ناسنامە، توندوتیژی، جەنگ، ئازادی و جێندەریان لە ئیشەکانیاندا بە کێشە کرد. ژنە هونەرمەندەکان لە ١٩٩٠ەکاندا لە کوردستان ڕەنگە زاراوەی فێمینیزمیان بەکارنەهێنا بێت-هەندێکیان تاکوو ئێستاش بەرانبەر بەکارهێنانی زاراوەکە نادڵنیان- بەڵام ئەوان هونەریان بەکار هێناوە بۆ دەربڕینی ئەو نادادییانەی کە بەهۆی جێندەر و ئێتنیکەوە بەسەریاندا سەپێنراوە.[٣٧]

لە دوای ٢٠٠٣ و ڕووخانی ڕژێمی سەدامەوە، نەوەی نوێ لە کوردستان پتر ڕووبەڕووی زانین و ڕێگەی جودای بەرهەمهێنانی هونەریی بووەوە. ئەو نەوەیەی لە ١٩٩٠ەکاندا لەدایکبوون، لەناوەڕاستی ڕاپەڕینی کورد و دواتر شەڕی ناوخۆ، هەڵبەز و دابەزی کۆمەڵایەتی و ئابووریی درێژخایەن و نەبوونی سەقامگیریدا گەورەبوون. بۆیە هونەرەکەیان پەرچاندنی ئەو کێشانەبوو کە ئەو سەردەمەی پێ دەناسرێتەوە. هونەرمەندانی وەک ڕۆژگار مستەفا، پۆشیا کاکل، ئاڤان عومەر، کانی کامیل، ئاڤان سدیق، ساکار سلێمان، شیلان جەبار، ساکار فاروق و ڕێزان بەتولە لەناو ئەوانیدیدا، هونەرێکیان بەرهەمهێناوە کە کێشەگەلی وەک ناسیۆنالیزم، ئازادی، دۆخی سەختی زیندانیانی ژن، بێکاری، هەژاری و توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر تێدا دیارهێناوە و بەکێشە کردووە.[٣٨]

---

[36] Khazan Jangiz, ‘Zherzemin: Womanhood and Its Place in Kurdish Culture and Society’, *Rudaw*, 2021. Available at https://www.rudaw.net/english/world/27062021 (accessed 6 March 2023).

[37] See for example the work of Sakar Faruq and Shilan Jabar, Fatima Barznge, available here: https://fatimabarznge.nl/blog/, and Chiman Ismail, available here: https://artfrosh.krd/artist/chiman-ismail/ (both accessed 20 January 2023).

38 ئەم بەشە لە مێژووی هونەری کوردی کەمێک لێکۆڵینەوەی لەبارەوە کراوە. چاوپێکەوتنەکان بە زمانی کوردی، کە هونەرمەند ئاڤان عومەر لەگەڵ بەشێک لە هونەرمەندانی ئەو سەردەمە ئەنجامی داون، لە گۆڤاری کولتور مەگەزین بەردەستن. بڕوانە
Available at http://cultureproject.org.uk/kurdish/author/avan-omer/ (accessed 5 March 2023).

بەگشتی میراتی کولتووری و هونەری کوردی تەنیا لەم دواییانەدا زیاتر گرنگییەکی زانستی پێدراوە، جەختکردن لەسەر بابەتەکانی وەک دەنگی ژن و شیعری (ئێزدی) و پەیوەندییەکانی نێوان هونەر و ناسیۆنالیزم لە بەشە جیاوازەکانی کوردستان. بۆ نموونە بڕوانە:
Autumn Cockrell-Abdullah, ‘Art and Agency: Transforming Relationships of Power in Iraqi Kurdistan’, in *Handbook of Research on Promoting Peace Through Practice, Academia, and the Arts*, edited by Mohamed Walid Lutfy and Cris Toffolo (Hershey, PA: IGI Global, 2019), pp. 320–42; Autumn Cockrell-Abdullah, ‘Constituting Histories Through Culture In Iraqi Kurdistan’, *Zanj: The Journal of Critical Global South Studies* 2 (July 2018): 65–91; Joanna Bocheńska, ed., *Rediscovering Kurdistan’s Cultures and Identities: The Call of the Cricket* (Cham: Palgrave Macmillan, 2018); Marlene Schäfers, *Voices That Matter: Kurdish Women at the Limits of Representation in Contemporary Turkey* (Chicago: University of Chicago Press, 2022); Mairéad Smith,. “We Are Rich in Mass Graves’: Representing a History of Violence through Êzîdî Poetry’, *British Journal of Middle Eastern Studies* (March 2020): 1–21; Alireza Korangy, ed., *Kurdish Art and Identity: Verbal Art, Self-Definition and Recent History* (Berlin: Walter De Gruyter, 2020).




**فیگور ١. پۆشیا کاکل، هەلپێچراو، هەولێر ٢٠٠٨**

لە ٢٠٠٨، پۆشیا کاکل پێرفۆرمانس (performance)ێکی لە بەردەم نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەولێر ڕێکخست، کە ئەو ژنانەی خۆیان دەسوتێنن دەهێنرێنە ئەوێ بۆ چارەسەرکردن. کردەکەی پۆشیا ئازا و بوێرانە بوو، بۆ یەکەم جار بوو هونەر وەک شێوەیەکی نارەزایی و دەستێوەردانی گشتی بەکاربهێنرێت، بێهیوایی و دژایەتی توندوتیژیی بەردەوام بەرانبەر بە ژنان لە کۆمەڵگەی کوردی دەربڕێت. کارەکەی پۆشیا تاکوو ئەمڕۆش کاریگەرییەکەی بڕ دەکات؛ زۆرینەی ئەو کارە هونەرییانەی ئێمە شیکارمان کردوون جەخت لەسەر توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر دەکەنەوە. لە خوارەوە، ئێمە هەندێک لە تێما و ئاڵنگارییە سەرەکییەکانی کاری نەوەی نوێ ڕوون دەکەینەوە کە لە دوای ٢٠١٤ و شەڕی دژ بە داعش بەرهەمیان هێناوە. ئێمە ئەوە وەک ڕووداوێکی ڕەخنەیی دەخوێنینەوە کە لە ڕێگەیەوە گەنجانی کورد ژینجیهانەکەیان هەڵدەسەنگێنن.[٣٩]

لە ماوەی لێکۆڵینەوەکەماندا ئەوە ڕوون بۆوە کە زۆربەی هونەرمەندە گەنجەکان هەست بە تەریکی، کەم-بەهای و کەم-داهاتی دەکەن.[٤٠] زۆرینەیان ئیشە هونەرییەکانیان یان نووسینی چیرۆکەکانیان لە ژووری خەوەکانیان بەرهەم دەهێنن، هەر خۆیان پێشانگەکانیان ڕێک دەخەن و پارەی بۆ دابین دەکەن، هەروەها خۆیان گروپی خوێندنەوە یان پیشاندانی فیلم ڕێک دەخەن. نزیکەی زۆرینەی بەشداربووەکان جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە لە کۆمەڵگەکەیاندا یان بەشێکی کۆمەڵگەکەیاندا هونەر یان ڕۆڵی هونەرمەندان وەک پێویست بەهای بۆ دانانرێت. ڤەژین شەوکەت ئاماژە بەوە دەکات: ‹‹ بەگشتی پشتگیریی هونەر ناکرێت. لە هۆشمەندیی سەرمایەداریدا بازرگانی پارە پەیدا دەکات و هونەر تەنیا یەکێکە لەو شتانەی کە ون دەبن. خەڵک دەتوانێ

39 Lana Askari, 'Making Heaven in a Shithole: Changing Political Engagement in the Aftermath of the Islamic State', in *Youth Identity, Politics and Change in Contemporary Kurdistan*, edited by Shivan Fazil and Bahar Baser (London: Transnational Press , 2021), pp. 185–200.

40 لێرەدا سەرنجی ئێمە لەسەر بەراوردکاری نییە؛ هەرچەندە گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە هەر بەشێکی کوردستان (ڕۆژاڤا، باکور، ڕۆژهەڵات، باشور) مێژووی خۆیان هەیە لە بەرهەمهێنانی مەعریفەی کولتووری و هونەری لە دەوڵەتە ناوەندییەکانی عەرەبی، تورکی، سووری، یان فارسدا، کە هەر یەکێکیان ستراتیژی تایبەت بە خۆیان هەیە بۆ چەوساندنەوە، چاودێریکردن و پەراوێزخستنی دانیشتوانە کوردەکەیان. بە بەراورد لەگەڵ پارچەکانی تری کوردستان، هونەرمەندان و چالاکوانان لە هەرێمی کوردستانی عێراق تارادەیەک لە بەرهەمهێنانی کاردا ئازادن.

سەیری هونەر بکات و چێژی لێ وەربگرێت- ئەوان دەتوانن نیگارێکی جوان ببینن، بەڵام نایانەوێ هیچ پارەیەک بۆ بەدەستهێنانی خەرج بکەن چونکە هیچ بەهایەکی بۆیان نییە››[41]. بەدەر لە بێبەهابوون، هونەرمەندان دەبێ ڕەچاوی هەستیاری کۆمەڵگەش بکەن. ڕووز محەمەد هونەرمەندی فرەبابەت لە سلێمانی دەڵێ: ‹‹کاتێک کارێک دەکەم، دەبێ دەروونناسی کۆمەڵگە بەهەند وەربگرم. لێرە تۆ دەبێ وریا بیت، ئەگەر تۆ ڕاستەوخۆ بیت، ئەوا ڕووبەڕووی ئاستەنگی زۆر دەبیتەوە. من وەک لە گرافیک-ڕۆمانەکەمدا لە نێوان دوو ڕووبار[42] لەبارەی ئاین، کێشە کولتوورییەکان، جێندەر و هەندێ تێمای دیکە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئیشم کردووە. پێم وایە بەم شێوەیە باشترە، چونکە دەتوانێ خەڵک بخاتە بیرکردنەوەوە. بەڵام ئەگەر ڕاستەوخۆ بڵێم ئەمە دژی داعشە -پێش ئەوەی لێی تێبگەن- ڕەتی دەکەنەوە.››[43]

ژنان لەنێو بەستێنێکی کۆمەڵایەتی و ئاینی کۆنخوازدا نەک تەنیا دەبێ بەوریاییەوە هەنگاوبنێن، بەڵکوو دەبێ زۆر زیاتر بەڕژدییەوە کار بکەن تاکوو وەک هونەرمەند بەهەند وەردەگیرێن. ڕاز خەیدان کە دەیەوێ بەڕێی کارەکەیەوە یارمەرتی بازرگانییەکی ناوچەیی بدات، دەگێڕێتەوە:

ویستم دڵنیا بم کە زۆرینەی بەرهەمەکانم لە کوردستان دروست و چاپ بکرێن. چوارچێوەکان دەستکردی کوردستان بن، بەڵام کێ هەموو ئەوانە دەکات؟ بۆیە دەبوایە خۆم بۆ بازاڕ زۆر بچم. بەداخەوە بازاڕ بەتەواوی لەژێر ڕکێفی پیاواندایە. هەموو کوچە و کۆڵانی بازاڕی هەولێرم کردووە، تەنیا بۆ دەستکەوتنی فایبەر بۆ پشتی چێوەکان. من خۆم دەچوومە دەرەوە تاکوو دڵنیابم هەموو شتێک سەرچاوەکەی ناوخۆیە بۆ ئەوەی تۆ پارەکەی وەربگری نەک یەکێک لە تورکیا یان ئێران. ئاخر من ئابووری ئێرەم دەپاراست و بەرهەمی خۆماڵیم دەویست بەڵام لەبەرئەوەی ژن بووم داوای ئەوەم دەکرد، بۆیە دەبوایە نزیکەی ٢٥ هەنگاوی زیادە ببڕم تاکوو ئەوەی دەمەوێ بەدەستی بخەم. بەڵێ، بۆیە ئەوە ئەزموونێکی ترسناک بوو، هەر لەبەر ئەوە لە چێوەکردن وەستام. ئەوە وەهای لێکردم هونەرکردن لە کوردستان کەم بکەمەوە. ئەوە نەبوونی بەتەنگەوەهاتنە. نەبوونی ڕێزە. ئەوە نەبوونی شکۆیە بۆ هونەرمەندان. نەبوونی پرسیارکردن و پێزانینە.[44]

ئەزموونی ڕاز خەیدان وێنەدانەوەی زۆر لەو داهێنانانەیە کە بە حەز و خولیاوە سەرەتایەکی نوێیان دەستپێ کردووە، دیدگەی چۆن زانین و ئافراندنی شتی نوێ لە هەرێمی کوردستانی عێراق بەتایبەتی بۆ ژنان لەو مەیدانەدا دەردەخات. نەوڕەس هادی شاعیر و مامۆستای دانیشتووی هەولێر لە کارەکەیدا ڕووبەڕووی کاردانەوەی هاوشێوە بۆتەوە: ‹‹ وەک ژنێک، خەڵک باوەڕ ناکەن کە تۆ دەتوانی ببی بە شاعیر، ئاخر باوەڕ بە تۆ و تواناکانت ناکەن. زۆرینەی کات دەڵێن تۆ خۆت ئەو هۆنراوانەت نەنووسیوە، بەڵکوو هی کەسێکی دیکەن.›› [45]

ئەو ئاڵنگارییانە و ئەو پێگەیەی فێمێنیزم کە لە سەرەوە زۆر بەفراوانی لە کۆمەڵگەی کوردی ئاماژەی پێدرا، واتای ئەوە ناگەیەنێت زۆر لەو ژنە گەنجانەی لە لێکۆڵینەوەکەماندا بەشداربوون خۆیان وەک ‹فێمێنیست› بناسێنن. هەندێک لە بەشداربوان بە مەبەستەوە ئەو بەشە لە ناسنامە (ی سیاسی)یان ناکەن بە بەشێک لە ئیشەکانیان بالا ئەحمەد هونەرمەندی دانیشتووی هەولێر، بە خۆی یان هونەرەکەی ناڵێت ‹فێمێنیست›، چونکە ئەو پێی وایە ئەمە گەیشتن بە کارەکەی سنووردار دەکات. ‹‹لەبەرئەوەی کارەکەم لەبارەی ژن، ئاین و کۆنەخوازییە لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا، زۆر کاردانەوەی نەرێیم لەلایەن ئیسلامییەکانەوە پێگەیشتووە، تەنانەت بەبێ ئەوەی بە کارەکەم بڵێم هونەری فێمێنیستی››.[46]

[41] Interview with Vajeen Shawkat.
[42] Rooz's graphic novel is available at https://www.roozmm.info/copy-of-between-two-river-ku-1 (accessed 6 March 2023).
[43] Online interview with multidisciplinary artist Rooz Mohamed, 27 December 2021.
[44] Interview with Raz Xaidan.
[45] Online interview with poet Nawras Hadi, 12 March 2022.
[46] Interview with painter Bala Ahmed, Erbil, 16 April 2022.



**فیگور ٢. باڵا ئەحمەد، ڕێگرە کۆمەڵایەتیەکان، ئەکریلیک لەسەر کانڤاس ٢٠٢٢**

هاوشێوەی باڵا ژمارەیەک لە بەشداربوان تێبینی زیادبوونی کاریگەریی حیزبە ئیسلامییەکانیان لەناو ڕووبەریکار و چالاکییەکانیاندا کردووە. دوای ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی لە ٢٠١٧ و قەیرانە سیاسییەکانی بەدوایدا هات، حیزبە ئیسلامییەکان هەوڵیاندا بۆشایی سیاسی پڕ بکەنەوە و گەنجان، بەتایبەتی کچانی گەنجیان بە ئامانج گرت. هونەرمەندان، فێمێنیستان و چالاکڤانانی LGBTIQ+[٤٧] کە لەمساڵانەی دواییدا شوێنێکیان بۆ خۆیان گرتووە، ڕاستەوخۆ بەرێی ئەم کاردانەوە کۆنەخوازانەوە کە هەموو عێراقی گرتۆتەوە کاریگەرییان لەسەر دادەنرێت و ئەوان نیگەرانن لەو شێوازەی کە تێیدا هێزە کۆنەخوازەکان زیاتر مەیدانی گشتی و دانوستاندنەکان لەبارەی مافەکانی ژنان ڕکێف دەکەن.[٤٨]

یەکێکی دیکە لە ئاستەنگەکانی بەردەم هونەرمەندانی گەنج نەبوونی پەروەردەی هونەرییە. هەموو شارە

47 چالاکوانانی+LGBTIQ لەم توێژینەوەیەدا بەشدار نین، بەهۆی دۆخی ناسەقانگیریان لە هەرێمی کوردستانی عێراق، کە لە ئێستادا ڕێگە بە چالاکیی ئاشکرای ئەوان نادات.

[48] Rasha Younes, ‘A Push to Silence LGBT Rights in the Kurdistan Region of Iraq’, *Human Rights Watch*, 7 September 2022. Available at https://www.hrw.org/news/2022/09/07/push-silence-lgbt-rights-kurdistan-region-iraq (accessed 3 March 2023); Dilan Sirwan, ‘Sulaimani’s LGBT+ Community “Terrified” after Security Forces Launch Crackdown’, *Rudaw*. 2 April 2021. Available at https://www.rudaw.net/english/kurdistan/02042021 (accessed 3 March 2023); Hawzhin Azeez, ‘Constructing Their Own Liberation: Youth’s Reimagining of Gender and Queer Sexuality in Iraqi Kurdistan’, in *Youth Identity, Politics and Change in Contemporary Kurdistan*, edited by Shivan Fazil and Bahar Baser, Peace, Conflict and Violence Series 1 (London: Transnational Press, 2021), pp. 75–95.

سەرەکییەکان کۆلێژی هونەرە جوانەکانیان لە زانکۆکاندا[49] هەیە، بەڵام جۆرایەتی فێرکردن، ئەزموون و ئاڵوگۆڕ بەفراوانی دەگۆڕێت. شی بارانی هونەرمەند دانیشتووی قەزای بەردەڕەش، لەکاتی چاوپێکەوتنەکەماندا گێڕایەوە کە چۆن ئەو لە سەرەتادا بۆ ئەوەی بچێتە کۆلێژی هونەر لە دهۆک تێکۆشاوە، سەرەڕای ئەوەی کۆنمرەی ئامادەیی ٩٦٪ بووە- ڕەنگە ئەمەش هۆکاری ئاستەنگکردنەکە بووبێت. نەک تەنیا کارگێڕانی خوێندنگەکە ڕەتیان دەکردەوە بڕوا بکەن شی دەیەوێ بەو نمرە بەرزەوە لە هونەر بخوێنێ، بەڵکوو دواتر لە کۆلێژیش ڕووبەڕووی دژایەتی بووەوە بەتایبەتی لە پڕۆژەی دەرچوونی کۆتا ساڵی خوێندنی، کە ئیشێک بوو ژنانی بەڕووتی پیشان دەدا بۆیە لە نمایشی کۆتا ساڵدا قەدەغەکرا و ڕێگە بە نمایشکردنی نەدرا. ‹‹لەبەرئەوەی نەم دەویست نمرەیەکی کەم بهێنم، هەوڵمدا شوێنە هەستیارەکانی ئیشەکە داپۆشم بەڵام هێشتاش هەموو کەسێک دەیزانی کە ئەمە ژنێکی ڕووتە لەناو تابلۆکانمدا هەیە››.[50]

سۆلین نیرڤانا هونەرمەندی گەنج کە خەڵکی شاری عامودایە لە ڕۆژاڤا، ساڵی ٢٠١٣ لە ئەنجامی شەڕی ناوخۆی سوریا هاتۆتە هەولێر، ئەویش ژمارەیەک نیگاری هەیە کە سنگ و مەمکی ژنان دەردەخات. سۆلین بڕیاری دا ئەو نیگارانە لە یەکەم پێشانگەی لە پەیمانگەی فەڕەنسی لە هەولێر دەربهێنێت، کە بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی ژنان لە ساڵی ٢٠٢١ ئیشەکانی نمایش کردبوو. ‹‹نەم دەزانی کۆمەڵگە کاردانەوەی چۆن دەبێت، یان داخۆ ئەوان ئەو جۆرە هونەرە قبووڵ دەکەن یان نا. بۆیە بڕیارم دا تابلۆ ڕووتەکان نمایش نەکەم.››[51]

بۆ زۆر لە هونەرمەندانی گەنج، بەدەستهێنانی پشتگیریی دارایی هاوکارانی بێگانە تاکە ڕێگەیە بۆ دەرکەوتن، بەڵام بەشێوەیەکی سروشتی ژمارەیەکی زۆر کەم هەڵدەبژێردرێن، یارمەتی دەدرێن و نمایشیان بۆ دەکرێت لەلایەن دامەزراوە کولتوورییە نێودەوڵەتییەکانی وەک پەیمانگەی گۆتە یان پەیمانگەی فەڕەنسی، کە دیمەنی کولتوورییان (بەتایبەتی لە هەولێر) داگیرکردووە.[52] ئەو پشتگیرییە هەندێک جار ‹‹داواکاری و ئەجێندای تایبەتیان پێوە دەلکێنرێت››. ڕاز خەیدان ئەو ڕێگایانە ئاشکرا دەکات کە تێیدا پرۆسەی پشکی پشتگیریی دارایی بۆ ‹‹هونەر و هونەرمەندانی عێراقی›› بەسیاسی کراوە و پەیوەستکراوە بە ئامانجی گەورەتری نەتەوەسازی عێراقییەوە:

گرافیک دیزاینەرێکی کورد ڕەنگە ئەم لۆگۆیە دروست بکات و پێشبڕکێیەکە بباتەوە وەک ‹گرافیک دیزاینەرێکی عێراقی›. لە ڕاستیدا ئەم گرافیک دیزاینەرە بێوچان کاری کردووە بۆ ئەوەی وەک کورد ئاماژەی پێبکرێت. بەڵام لەبەرئەوەی پشتگیرییە داراییەکە تەنیا بۆ عێراقییەکان ڕێگەپێدراوە. بۆیە ئەو شتە بچووکانە وەک ئافراندن بەڕاستی بێزارت دەکات. تۆ لەگەڵ زۆرینەی کونسوڵخانەکاندا زۆر نموونەی ئاوا دەبینیت.[53]

نەک تەنیا پشتگیریی دارایی بێگانە سیاسییە، بەڵکوو ئەو پشتگیرییە داراییە کەمەی ناوخۆش داوای ئەوە دەکات کە لەگەڵ حیزبە سیاسییەکاندا هاوڕا بیت. هەردی سەباح هونەرمەندی خەڵکی کەلار و دانیشتووی سلێمانی

49 College of Fine Arts (Duhok), College of Fine Arts (University of Sulaymaniyah), Institute of Fine Arts (Sulaymaniyah), College of Fine Arts (Salahaddin University, Erbil). Find images of one of their most recent exhibitions on ‘women’s art’ here: ‘Erbil Art Exhibition Spotlights Political Realities and Women’s Voices’, *Shafaq News*, 16 May 2023. Available at https://shafaq.com/en/Kurdistan/Erbil-art-exhibition-spotlights-political-realities-and-women-s-voices (accessed 31 May 2023).

50 Interview with visual artist and teacher She Barani, Duhok, 7 June 2022.

51 Interview with painter Solin Nirvana, Erbil, 23 April 2022.

52 لەکاتی چاوپێکەوتنەکەماندا، موتاز عەبدولڕەحمان، بەڕێوەبەری پڕۆژەکان لە پەیمانگای گۆتە لە هەولێر، ئەو ڕاستییەی کە ‘ئێمە لە هەموو شوێنێکین’، ئاماژەیە بۆ ئەو ڕۆڵە باڵادەستەی کە پەیمانگای گۆتە دەیگێڕێت. هەروەها ئامانجی خۆیان بۆ بنیاتنانی ژێرخانی سەربەخۆی بژاردەی بۆ بەرهەمهێنانی هونەری و کولتووری خستەڕوو، کە بەهۆی چەندین ساڵ شەڕ و ناسەقامگیرییە بەردەوامەکانەوە لەناوچوون.

Interview with the Goethe Institute’s Mutaz Abdulrahman, Erbil, 23 June 2022.

53 Interview with Raz Xaidan.

ئەوەی ڕوونکردەوە کە ئەگەر هونەرمەندێک بەدوای بەدەستهێنانی پشتگیریی دارایی بێت لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئەوا ئەو پشتگیرییە بەزۆری مەرجدارە: ‹‹ بۆ ئەو هونەرمەندانەی بەشێک نین لە هیچ حیزبێکی سیاسی، دۆخی ژیانکردنیان یان ئیشە هونەرییەکانیان پشتگیری ناکرێت. سەندیکای هونەرمەندان و بەڕێوەبەرایەتییە پەیوەندیدارەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق پشتگیریی هیچ کەسێک ناکەن ئەگەر گرێدراوی ئایدیۆلۆژیا یان حیزبەکانی ئەوان نەبێت یان بەگوێرەی ویستی ئەوان کار نەکات››.[٥٤]

هەموو ئەو کەسانەی ئێمە چاوپێکەوتنمان لەگەڵ کردن ڕەخنەی حکوومەت یان ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ناکەن- هەندێک پتر ڕێگەی ‹هەر خۆت بیکە› دەگرنەبەر. لانە حەداد شوێنەوارناس، پێشەنگکار و دامەزرێنەری یاریی بۆردیی براندی ئوربیلوم (Urbilum)[٥٥]ە، پێی وایە کە هەرێمەکە بۆ داهێنان و بیرۆکەی نوێ کراوەیە:

‹‹ هەست دەکەم لە هەولێر ڕێگری ڕاستەوخۆ زۆر نین، کاتێک دێتە سەر پاڵنان بۆ گەشەپێدان لە مەیدانە جیاوازەکاندا بۆ بەرەوپێشبردنی ژیانی کۆمەڵگە. هەتاکوو تۆ لەسەر ئایدیۆلۆژیا سیاسییەکان کار نەکەیت، ئەگەر تۆ ئەو سنوورانە نەبەزێنیت، ئەوا تۆ زۆر سەلامەتی لێرە هەرچی دەتەوێ دەتوانی بیکەیت. بەتایبەتی لە مەیدانی داهێناندا، زۆر پێشوازی لێ دەکرێت.››[٥٦]

لەنێو چێوەکاری دەستپێک و پێشەنگکارییە تازەکاندا هەڵسەنگاندنەکەی حەداد بەجەختییەوە ڕاست دەردەکەوێت. ئەمەش پیشەسازییەکی نوێ و تارادەیەک زیندووی لە شوێنکاری هاوبەش و براندە تازەپێگەیشتووەکان و خزمەتگوزارییە نوێیەکان لە شارەکانی وەک سلێمانی و هەولێر دروستکردووە[٥٧]. هەرچەندە ئەمانە بە شێوەیەکی سەرەکی لەلایەن و بۆ چینی ناوەڕاست و سەرەوەن کە دەستیان بە پەروەردە، تەکنەلۆژیا و زمانی پەیوەندیدار دەگات بۆ ڕاکێشانی پارەدارەکان و لەگەڵ ئەم دەستپێشخەرییانەدا لەناو ‹ئیکۆسیستەم›ی گەشەکردن و پێشکەوتنی نیولیبراڵدا دەمێننەوە.

بەدەر لە (نەبوونی) پشتگیریی دارایی و شوێن، سیاسەتی حیزبە باڵادەستەکان، ناکۆکیی لەبارەی ڕووتی، یان پرسیارگەلێک لەبارەی کێ کام لەشە ڕکێف دەکات، وێناکردنی ئەو بابەتە سەرەکییانەی ئیشە هونەرییەکان کە ئێمە بینیمانن، دەتوانرێ بەم شێوەیە پۆلێن بکرێن:

١. توندوتیژی، تەریکبوون، تراوما
٢. تەنیایی ژنان، یان ژنان داوای کات و شوێنی خۆیان دەکەن
٣. بەربینکردنەوەی پەیوەندیی دۆستایەتی
٤. بەمۆدێرنکردنی فۆلکلۆر و نەریتی کوردی
٥. سیاسەتی لەش پاش ٢٠١٤


ئەو پۆلێنکردنانە بەمەبەستی سادەکردنەوەی کار و مەبەستی خودی هونەرمەندەکان نییە، بەڵکوو بۆ ڕێکخستنی پەرچاندنی ئێمەیە لەسەر کارەهونەرییەکان و باسکردنی گۆڕانکارییە فراوانترەکانە کە ئێمە تێبینیمان کردووە.

### ١. توندوتیژی، تەریکبوون، تراوما

زۆر لەو هونەرەی ئێمە بینیمان شەیەتحاڵی ئەو نادادییانە دەکات کە کورد وەک نەتەوە و بەتایبەتی ژنان چەشتوویانە و بەردەوام دەیچێژن: هەر لە بوونە قوربانی توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەرەوە بۆ تەریکبوون

[54] Online interview with painter Hardi Sabah, 3 January 2022.
[55] Joshua Levkowitz, 'New Iraqi Board Games Revisit Cultural Heritage, Create Common Ground', *Al-Monitor*, 27 October 2019. Available at https://www.al-monitor.com/originals/2019/10/iraqi-boardgames-reclaim-cultural-heritage-and-create-common.html (accessed 3 March 2023).
[56] Interview with archaeologist and entrepreneur Lanah Haddad, Erbil, 15 March 2022.
[57] Azeez, 'Constructing Their Own Liberation', p. 82.

و خنکان لەنێو شوێنە تایبەتەکاندا،[58] بۆ هەستکردن بە بێهیوایی و بێدەسەڵاتی کە زۆر لە بەشداربووان قسەیان لەبارەوە کرد. ئێمە پیشاندانی بێژماری ژناڼمان بینی کە لەناو تاریکیدا خۆیان گرمۆڵە کردووە و بە تەنیا ئازاریهەراسانکردنیان دەچێژن، یان نیگا توندوتیژەکانی پیاوان و دەست لێدان. لەکاتی لێکۆڵینەوەکەماندا دوو ئیشی هونەری ئینستەڵەیشن کە توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر بەکێشە دەکەن سەرنجی ئێمەیان ڕاکێشا.



**فیگور ٣. لارێن ئارام، توندووتیژی سێکسی، هایلایتەر و قەڵەمی چەسپ لەسەر کاغەز ٢٠١٩**

یەکەم، پڕۆژەی ‹مێینە›ی تارا عەبدوڵڵا: ئینستەڵەیشنێک بەدرێژایی ٤٨٠٠ مەتر هەڵواسینی پارچە جلی نزیکەی ١٠٠٠٠٠ ژنی دەربازبووی توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر. ئینستەڵەیشنەکە لە پارکی نالییەوە بۆ بەردەم دادگەی گشتیی سلێمانی بە شارەکەدا درێژبووەوە. ئینستەڵەیشنەکە یەکسەر ناکۆکی لەگەڵ خۆیدا هێنا و هەر شەوی یەکەمی نمایشەکە تێکدرا/شێوێنرا بۆیە لەلایەن هونەرمەند و تیمەکەیەوە هەڵگیرایەوە.[59] سەرەڕای ئەوەی

58 جوگرافیناسە فێمینیستەکان دابەشبوونی نێوان مەیدانی گشتی (سیاسی) و تایبەت (ناسیاسی)یان کێشەدار کردووە، بە وێناکردنی ئەوەی کە چۆن ‘ماڵ فەزایەکی ئاڵۆز و ئاڵۆسکێنراوە. هەروەها تێڕوانینێکی گرنگ پێشکەش دەکات بۆ مەعریفەناسیی کۆمەڵایەتی، کولتووری و سیاسی.
Jennifer L. Fluri, ‘Feminist Political Geography’, in *The Wiley Blackwell Companion to Political Geography*, edited by John Agnew, Virginie Mamadouh, Anna J. Secor, and Joanne Sharp (Chichester: John Wiley & Sons, 2015), p. 237.

سەرەڕای ئەم ناجێگیرییە، جێی وەک لەش، ماڵ، شەقام، زانکۆ، شوێنی کار، یان کافێ هێشتا زۆرجار لەلایەن وەڵامدەرەوەکانمانەوە وەک مەیدانی گشتی و تایبەت، سەلامەت و مەترسیدار، ژنانە و پیاوانە سەیر دەکران.

See also Fatima Sadiqi and Moha Ennaji, ‘The Feminization of Public Space: Women’s Activism, the Family Law, and Social Change in Morocco’, *Journal of Middle East Women’s Studies* 2/2 (2006): 86–114. Martina Rieker and Kamran Asdar Ali, eds, *Gendering Urban Space in the Middle East, South Asia, and Africa* (New York: Palgrave Macmillan, 2008); Mona Fawaz, Mona Harb, and Ahmad Gharbieh, ‘Living Beirut’s Security Zones: An Investigation of the Modalities and Practice of Urban Security’, City & Society 24/2 (2012): 173–95; Farha Ghannam, ‘Mobility, Liminality, and Embodiment in Urban Egypt’, *American Ethnologist* 38/4 (2011): 790–800.
59 Savan Abdulrahman, ‘A Women’s Art Project in Sulaymaniyah Arouses Controversy’, *Medya News*, 2020. Available at https://medyanews.net/a-womens-art-project-in-sulaymaniyah-arouses-controversy/ (accessed 17 May 2023).

بۆ ماوەیەکی زۆر نەمایەوە، ئینستەڵەیشنەکە بەشێوەیەکی بەهێز بوو بە سیمبوولێکی دیار بۆ نیشاندانی ئەوە کە توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر لە کۆمەڵگەی کوردی هەرێمی کوردستان چەند بەربڵاو و بەردەوامە. هەروەها ڕەنگە پەنجە بۆ ئەوەش ڕابکێشێت کە دامەزراوە فەرمییەکان لە پاراستنی ژناندا شکستیان هێناوە.[٦٠]

دووەم، ئینستەڵەیشنی ‹شەرەف پەردەیە›ی هونەرمەند دیاکۆ خاتوون، پێرفۆرمانسێکی گشتی بوو ڕۆڵی پەردەی کچێنی و توندوتیژی بەردەوامی گرێدراوی شەرەف بەرانبەر بە لەشی ژنانی خستبووە ژێر پرسیارەوە. لێڕوانەر بەشێک بوو لە نمایشەکە، شایەتحاڵی ئەوە بوو کە هونەرمەند پەردەکە دەدڕێنێت (پارچەی گەورەی قوماش) و پاشان لێڕوانەر دەیتوانی بەناو شوێنە بڕدراوە خوێناوییە جیاوازەکاندا بڕوات.[٦١]

### ٢. تەنیایی ژنان یان ژنان داوای شوێن دەکەن


تەنیایی ژنان یەکێکی دیکە لە تێما دیارەکان بوو لەناو ئەو ئیشە هونەرییانەی کە پیشانی ئێمە دران. ئێمە وەک گۆزارشتکردن لە داواکاری ژنان بۆ شوێن و تاکێتی ئەمە دەخوێنینەوە لەناو کۆمەڵگەیەکدا کە بەرگریی لە گرنگێتی و ناوەندێتی خێزان (ی گەورە) دەکات. وەک بەڕێی ئیشە هونەرییەکەی سۆنیا بەشیرەوە وێناکراوە لەسەر بەرگی ئەم توێژینەوەیە، هەندێک لە ژنان بەسادەیی لە دوور دەڕوانن، بەحەسرەتەوە یان بە چاوی داخراوەوە سەرنجیان خستۆتە سەر ناوەوە یان شەکەتن، ئەوانی دیکە جگەرەدەکێشن و دەخۆنەوە، هەندێ جار بە تەنیا و هەندێ جار لەگەڵ هاوڕێیەک. ئەم نیگارانە پێدەچێ شوێنێک بۆ ژنان چێ بکەن کە بۆ خۆیان بوونیان هەبێت، بەشێوەیەکی کاتی لە سنوورەکانی ناو خێزان یان بەفراوانی لە مەیدانی کۆمەڵایەتی دووربکەونەوە.

### ٣. بەربینکردنەوەی پەیوەندیی دۆستایەتی

دوانەکانیش بەزۆری نیگار دەکرێن؛ هاوڕێکان بەنەرمی لە یەکدی دەچنە پێشەوە، یان کەپڵەکان لەسەر کۆشی یەکدی وەستاون. ئەو نیگارانە پێدەچێ پەیوەندی نزیکایەتی/سێکسوالێتی چییە یان دەشێ چۆن بێت پیشان بدەن، نزیکایەتییەک دوور لە چاوی کۆمەڵگە و ڕێگری و نۆرمە کۆنەخوازەکانی دەوری شەرەف/شەرم، دوور لە توندوتیژی و هەر یەک لەناو هێزی خۆیدا پیشان بدات.

[60] Haje Keli, '"There Is Always a Reason for the Beatings": Interrogating the Reproduction of Gender-Based Violence within Private and Public Spaces', in *Geographies of Gender-Based Violence: A Multi-Disciplinary Perspective*, edited by Hannah Bows and Bianca Fileborn (Bristol: Bristol University Press, 2022), pp. 200–212.

[61] Find the video of the artwork and performance here: Culture Project, 'Honour Is Membrane', *Culture Project for Art, Feminism and Gender*, 2019. Available at https://cultureproject.org.uk/honour-is-membrane/ (accessed 3 March 2023).



**فیگور ٤. سۆلین نیرڤانا، پەیوەندی نزیکایەتی. ئەکریلیک لەسەر کانڤاس ٢٠٢٠**

بە ڕەچاوکردنی سەرنجی لێکۆڵینەوەکەمان، زۆرینەی ئەو هونەرەی ئێمە سەیرمان کردن، وێنای ژنان دەکەن. ڕیزپەڕێکی دیار کارەکانی هەردی سەباحە، کە نیگارەکانی پیاوی کورد بەڕووتی دەردەخەن. ئەمە لە ١٩٨٠ و ١٩٩٠کاندا مەحاڵ بوو چونکە داکەندنی جلوبەرگ لەبەری پیاواندا بەزۆری پەیوەندیدار بوو بە زیندانیکردن، ئەشکەنجەدان و کرداری شەرمەزارکردنەوە لەناو زیندانەکانی سەدامدا. ئیشەکانی هەردی تەحەدای بیرۆکە زاڵەکانی دەوری پیاوێتی و بەتایبەتی پیاوێتیی بەسەربازیکراو دەکەن، کە دوای چەندین دەیە لە تێکۆشانی چەکداری و جەنگەکان هێشتاش لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا هەر بوونیان هەیە. پیاوانی نێو نیگارەکانی هەردی پاڵەوانێتی و بەهێزی بەرجەستە ناکەن، بەڵکوو ئەوان شکستبار و خەمگینن، لەناو ساتە کەسەکییەکاندا بە ئەوانی دیکەوە بەستراونەتەوە.[٦٢]

62 ئەو کارە هونەریانەی کە پیاوێتیی (کوردی) کێشەدار دەکەن، کەمن و کەلێنی گەورە لە نێوانیاندایە و پیاوێتیش نەک تەنیا لە خوێندنی کوردیدا بەڵکوو لە لێکۆڵینەوەی هونەری کوردیشدا کەم لێکۆڵینەوەی لەبارەوە کراوە. جگە لە:
Ahmet Serdar Aktürk, 'Female Cousins and Wounded Masculinity: Kurdish Nationalist Discourse in the Post-Ottoman Middle East', *Middle Eastern Studies* 52/1 (2016): 46–59; Andrea Fischer-Tahir, 'Gendered Memories and Masculinities: Kurdish Peshmerga and the Anfal Campaign in Iraq', *Journal of Middle East Women's Studies* 8/1 (2012): 92–114.



**فیگور ٥. هەردی سەباح، بێناونیشان ڕەنگی ڕۆن لەسەر کانڤاس ٢٠٢٢**

## ٤. بەهاوچەرخکردنی هونەری فۆلکلۆر

ژمارەیەکی فراوان و جۆربەجۆری هونەرمەندە گەنجەکان داب، نەریت و میراتی وێژەیی نەوەکانی پێشوو دەپشکنن؛ لەبارەی هۆنراوە، چیرۆک، ئەفسانە، خاڵکوتین،[٦٣] پیشەگەری، پۆشاک و نەریتە کولتووری و شوێنەوارییەکان وێنە دەکێشن. ئەوان کۆلاژ[٦٤] [تێکئاڵانی شێوازی جۆربەجۆری هونەری]، نیگارکێشان و هونەری دیجیتاڵیی بەکاردەهێنن بۆ زیادکردنی ‹شێوەیەکی هاوچەرخ› بۆ ئەوەی مێژوو هەنووکەیی بکەنەوە. لە کاتی گەڕانی بەردەوام بۆ ‹‹ناسنامە›› -نەک تەنیا ناسنامەی کوردی بەڵکوو کەمایەتیەکانی دیکەش کە لە هەرێمی کوردستاندا دەژین وەک ئێزیدییەکان-، ئەوان بە دوای پرسیاری ‹‹ئێمە کێین؟›› و ‹‹ئێمە لە کوێوە هاتووین؟››[٦٥]دا دەگەڕێن. ئەوان ئەمە وەک هەوڵێک بۆ سڕینەوەی داگیرکاریی لە سەر هونەر، زمان، کەلەپوور و خۆیان پیشان دەدەن تاکوو لەژێر کاریگەری عەرەب، تورک، فارس و خۆرئاوا دەربازبن.[٦٦] لەو پڕۆسەیەدا، ژنانیش لە پێگەیەکی گرنگ و سەرەکیدان، ڕەنگە ئەمە هەوڵێک بێت بۆ دۆزینەوەی ‹‹ژیانی کۆیەکی››، کە تێیدا دەسەڵات زیاتر بەیەکسانی دابەشکرا بێت و ڕایەڵەکانی یارمەتی و هاوکاری بەهێزتربن.[٦٧]

[63] See Khizan Khasro's work, available at https://www.instagram.com/p/ChujF1eMERQ/ (accessed 21 June 2023)

[64] See Raz Xaidan and the Darling Beast, available at https://www.instagram.com/thedarlingbeast/ (accessed 21 June 2023).

[65] Online interview with designer Haron Younis, Co-founder of the Cinema Club in Duhok, 7 October 2022.

[66] Online interview with visual artist Diyako Xatun, 14 March 2022.

[67] Interview with Rooz Mohamed.



**فیگور ٦. هەڵاڵە ئەبوبەکر، تۆزی ئەستێرەکان، دیجیتاڵ ٢٠٢٢**

ئارجون چۆدوری (Arjun Chowdhury) ئەمە بە ‹زانینی داگیرکەریی› (colonial episteme) ناودەبات، ئەو دابونەریتانەی کە لە ڕێگەیانەوە بکەر (سەبژێکت)ی دوای داگیرکاری خۆیان و نەریتەکانیان دەخەنە ڕوو کە لە ڕواڵەتدا نەگۆڕاون.[68] لەسەر بنەمای ئەم تێڕوانینە کولتوورییانە دەتوانرێت بانگەشەی سیاسی بکرێت یان پووچەڵ بکرێتەوە، ئەمەش زۆر جار کاتێک باس لە نۆرمە (لیبراڵ)ییەکان لەبارەی یەکسانی جێندەری و دادپەروەری دەکرێت. ئێمە ئەم ‹زانینی داگیرکەریی›ەمان نەک تەنیا لە هەندێک لەو هونەرەدا دۆزیەوە کە شیکاریمان کردن، بەڵکوو هەروەها لە پەیوەندی لە گەڵ هەندێک فێمینیزمی دیاریکراوەوە کە لە گەڵ ‹کولتووری کوردی›دا ناگونجێن، بەدی کرد.. ئەمە باسێکە کە لەلایەن هەندێک لەو ژنانەوە دەکرێت کە چاوپێکەوتنمان لەگەڵدا کردوون، کە ڕەخنە دەگرن لە ‹فێمینیزمی خۆرئاوایی› و هەروەها لە هێزە کۆنەخوازەکان، وەک حیزبە ئیسلامییەکان، کە دژی سەپاندنی ‹بەهاکانی خۆرئاوا› بەسەر کۆمەڵگەی موسڵمانی کوردیدان.

## ٥. سیاسەتی لەش پاش ٢٠١٤

هێرش و توندوتیژیی داعش کە بەخێرایی بەشێکی گەورەی سوریا، عێراق و هەرێمی کوردستانی خستە ژێر ڕکێفی

[68] Arjun Chowdhury, 'International Norms in Postcolonial Time' in *Against International Relations Norms: Post-colonial Perspectives*, edited by Charlotte Epstein (London: Routledge, 2017), pp. 106–22.

خۆیەوە، شۆکێکی فراوانی بۆ هەرێمەکە نارد و کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر گەنجانی کورد دانا. ئەوان نەک تەنیا بوونی خۆیان لەناو مەترسی و لەدەستدان بینییەوە، بەڵکوو هەروەها ئەوان دژی ئەوەش بوون کە بە چ شێوەیەک داعش بۆ سنووردارکردنی سەردەمەکەیان ئیسلام و لەشی ژنان بەکاردەهێنێت. ژنانی هەرێمی کوردستان، عێراق و ناوچەکە یەکەم جاریان نییە تاوانە ترسناکەکانی داعش ئەزموون دەکەن، بەڵکوو پێشتریش هاوشێوەی داعش پارت و بزووتنەوە سیاسییەکان لەشی ژنانیان وەک نیشاندەری ‹ئێمە› بەرانبەر ‹ئەوان› بەکارهێناوە، بەڵام تاوانەکانی داعش ڕەنگە لە دڕندانەترین و بەرچاوترین نموونەکانی مێژووی تازە بن.[69] هونەرمەندان و چالاکڤانان لە هەرێمی کوردستان لەو کاتەوە زێدەتر کێشەی ‹‹سیاسەتی لەش›› بەهەند وەردەگرن و سەیری ئەو شێوەیە دەکەن کە تێیدا جێندەر و سێکسوالێتی لە ناوەڕاستی زۆرێک لە درزە مەزنەکانی کۆمەڵگەی کوردیدایە کە بەهۆی هێرشەکانی داعشەوە خراپتربوونە.[70]



**فیگوری ٧. گەشە کەمال، ئەمە من نییم، ئینستەلەیشنی وێنەیی، ٢٠٢١**

لە لایەکەوە، بەئیسلامکردنەوەی کۆمەڵگە لە هەڵکشاندایە، بەڕێی ڕێکخراوگەلێکی کولتووری و سیاسی بەهێز کە هەست دەکەن بەهۆی داعشەوە بەهێزتربوونە، بۆیە گۆتاری گشتییان لە دەوری شەرم و شەرەف خستۆتە ژێر ڕکێفی خۆیان و لە ڕێگەی ڕێکخستنی ڤێستیڤاڵی گەورەی حیجاب و باڵاپۆشی[71] و شتی دیکەوە هێزی خۆیان لەناو جەماوەردا پیشان دەدەن.

[69] Nadje Al-Ali, ‘Sexual Violence in Iraq: Challenges for Transnational Feminist Politics’, *European Journal of Women’s Studies* 25/1 (2018): 10–27.

[70] See also Poshya Kakil’s exhibition ‘The Shadow of ISIS’ (2025), available here: https://cultureproject.org.uk/the-shadow-of-isis/ (accessed 21 June 2023).

[71] Iraq — 1357 Girls Decided to Wear the Hijab At Once’, *A24 News Agency*, 2021. Available at https://a24na.com/archives/32394 (accessed 8 March 2023); Music Upscale, ‘Xadidja — Hijab (Islamic School in Halabja)’, *Youtube*, 2021. Available at https://www.youtube.com/watch?v=nMZbDJVoSJs (accessed 8 March 2023).

لە لایەکی دیکەشەوە،[72] وێنا و گوتاری گشتی لەبارەی ژنێتی لەژێر کاریگەری ‹مۆدێلەکان›دایە: کەسێتییە نیمچە-ڕووتەکانی ئینستاگرام، کە لەبارەی شێوە ژیانە کەشخەکەیان پۆست دەکەن. ئەم مۆدێلانە بەزۆری لەلایەن پیاوە دەسەڵاتدارەکانەوە سپۆنسەری دەکرێن. زۆرێک لە بەشداربووان نیگەران بوون کە ئەو مۆدێلانە بیرۆکەیەکی هەڵە لەبارەی ئازاد بوون بە کچە گەنجەکان دەدەن (کە تەنیا سەرنجیان لەسەر پارە و شێوەی دەرکەوتنیانە و گرێدراوی پیاون). ئەمەش وەک ڤینا شێرزاد خوێندکاری چالاکڤان هۆشداری لەبارەیەوە دا، دەکرێ ببێتە هۆی ‹کوشتن بەناوی شەرەف› بۆ ئەو کچانەی کە هەوڵی لاساییکردنەوەی مۆدێلەکان دەدەن و پشتگیریی پیاوانی دەسەڵاتداریان نییە.[73]

## دەستپێشخەرییە سەربەخۆکان: بازنەکانی خوێندنەوە و یانەی سینەما

بەدەر لە بەرهەمهێنانی هونەری بینەکی، چەند دەستپێشخەرییەکی داهێنەرانە بوونیان هەیە کە گەنجان لە دەوری حەز و خولیا هاوبەشەکان لەبارەی وێژە، هۆنراوە یان خانەهونەری فیلم کۆدەکەنەوە. بۆ نموونە یانەی سینەما لە دهۆک لەلایەن هاروون یونس دیزاینەری دانیشتووی دهۆک و هاوکارانییەوە لەژێر ڕێنمایی هونەرمەندی بەناوبانگی کورد وەلید ستی لە ساڵی ٢٠٢٢ دامەزراوە. بیرۆکەی پشت یانەکە دامەزراندنی سەکۆیەکە بۆ فیلمسازانی ناوچەکە و دروستکردنی کۆمەڵەیەکە کە تێیدا خەڵک دوای نمایشکردنی فیلمەکان بیروڕا بگۆڕنەوە. دوای دەستپێکێکی سادە بە خۆ گونجاندن لەگەڵ ئاڵنگارییەکان، یانەکە بەخێرایی لە قەبارەدا گەشەی کرد، توانی سەرنجی هەندێک پشتگیریی دارایی لە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی گەنجان دەدوێن (Youth Speak) ڕابکێشێت، ئێستا هەفتانە لە سەنتەری گەنجانی دهۆک فیلم بۆ دڵخوازانی فیلم نمایش دەکات.[74]

دەستپێشخەری دیکەی گەنجان سەرنج دەخەنە سەر وێژە و گەیاندن، وەک گروپی کچانی سۆفیا لە سلێمانی یان کۆمەڵەی ڕۆناهی لە ئاکرێ. هەردووکیان تەنیا بۆ کچان و ژنانن کە لەناو وێژەدا لە ڕێگەی بازنەی خوێندنەوە، سازدانی کۆڕ و کۆنفرانسەوە گەشە بە بەشداری ڕەخنەیی دەدەن.[75]

فاتمە حاجی، دامەزرێنەری کۆمەڵەی ڕۆناهی باسی ئەوە دەکات چۆن گروپەکەی دامەزراندووە نەک تەنیا بۆ هاندانی ژنان بۆ خوێندنەوە، بەڵکوو بۆ دروستکردنی شوێنێکی هاوڕێیانە بۆ ژنان تاکوو بیرۆکەکانیان ئاڵوگۆڕ بکەن بۆئەوەی تۆڕێکی هەم هاوکاری و ڕۆشنبیری دروست بکەن. هەرچەندە هەردوو گروپەکە ڕووبەڕووی فشار بوونەتەوە لە بەرهەڵستی خێزانەکانەوە بۆ خوێندنەوەی کچان، یان ئەوانە کە نەیانویستووە بەشداریی کچەکانیان بزانرێت کاتێک گروپەکان چالاکییەکانیان بڵاوکردۆتەوە.[76] سەرەڕای ئەو ئاستەنگانە، گروپی کچانی سۆفیا کە لە

[72] Clearly, for Kurdish youth it is not a case of either increased Islamisation or becoming models on Instagram; post-2014 many young people have also turned away from religion completely or found a new spiritual home in Neo-Zoroastrianism, a trend that continues to date and has gained considerable media and scholarly attention: Edith Szanto, '"Zoroaster Was a Kurd!": Neo-Zoroastrianism among the Iraqi Kurds', *Iran & the Caucasus* 22/1 (2018): 96–110; Saad Salloum, 'Zoroastrianism in Iraq Seeks Official Recognition', *Al-Monitor*, February 2016. Available at https://www.al-monitor.com/originals/2016/02/iraq-kurdistan-religious-minorities-zoroastrianism.html (accessed 16 May 2023).

[73] Interview with student activist Vina Sherzad, Erbil, 5 September 2022.

[74] Online interview with designer Haron Younis, co-founder of the Cinema Club in Duhok, 7 October 2022.

[75] Culture Project, 'An Interview with Lanja Khawe, One of the Cofounders of Sofia Girls Group', *Culture Project for Art, Feminism and Gender*, 2016. Available at http://cultureproject.org.uk/an-interview-with-lanja-khawe-one-of-the-cofounders-of-sofia-girls-group/ (accessed 3 March 2023).

[76] Online interview with translator and activist Fatima Haji, 14 February 2022.

ساڵی ٢٠١٥ لە سلێمانی دەستی پێکردووە و پاشان بۆ شارەکانی دیکەش درێژبۆتەوە، لە ئێستادا بەدەر لە وێژە لقێکی دیکەی لە سلێمانی کردۆتەوە بەناوی ‹پەنا›، کە خەڵوەتگای پیریە بۆ کەسانی بەتەمەنی بێماڵ.

جیاد، کوچوکلێش و شلینگس ئەمە وەک وردە-سیاسەت (micro-politics) دادەنێن: کە تێیدا یەک کێشە تیشکی دەخرێتە سەر و لەلایەن خەڵکی ئاساییەوە لە خوارەوە بۆ ‹دروستکردنی گۆڕانکاری› ڕێک دەخرێت. هەرچەندە لە ڕووی پانتایی و قەبارەوە سنووردارە بۆ گەنجان و گەورەساڵانی خوێندەوار لە ناوەندی شارەکان، بەڵام ئەم دەستپێشخەرییانە ڕێگە بە گەنجان دەدەن کە پرسەکانی پەیوەست بە پەروەردە، مافەکانی ژنان، پیشەسازی داهێنەر یان ژینگە کۆبکەنەوە و بیخەنە بەرچاو، بە شێوەیەک کە ڕاستەوخۆ ڕەخنە نەگرێت یان دژایەتی پارتە سیاسییە باڵادەستەکان نەکات.[٧٧]

## دەرئەنجام

هەرێمی کوردستانی عێراق لە ئێستادا لەنێو دۆخی ‹خۆزگەخوازی›، ساتی گواستنەوەدایە، کە تێیدا داهاتوویەکی باشتر بەندە لەسەر هیواکان بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی. لەم بەستێنەدا، نەوەی گەنجی هونەرمەندان و چالاکڤانان ڕوو لە ڕابوردوو دەکەنەوە بۆ ئەوەی ئەو هەژەند و کۆمەڵکوژییانەیان بیرنەچێتەوە کە بەسەریان هاتووە، بەڵام هەروەها بۆ ڕووخستنەوەی ناسنامەی کوردی کە ئازادە لە زاڵبوونی داگیرکار. پێشێلکردن، نادادییەکان و گازەندەکان لەبارەی شێوازەکانی بەکارهێنانی لەشی ژنان وەک شەڕگەی ‹شەرەف› و ‹شەرم› تۆمارکراون یان چۆن لەشی پیاوان چاوەڕوان دەکرێت چاودێری ژنان بکات و بەرگری لە نۆرمە زاڵەکانی پیاوێتیی بکات. لەبری بەرخۆدانێکی ڕێکخراو دژی ‹ئێرە و ئێستا›، کە تێیدا زۆر لە بەشداربووان هەست بە ‹گیرخواردن› دەکەن، ئێمە گۆڕانێکی پتر جێگیر لێرەدا دەبینین: وێناکردنەوەیەکی هێواشی شوێن، لەش و سێکسوالێتی کە ڕووەو شوێنگەلێک ئاراستەکراوە تێیدا ژنان پارێزراو، سەربەخۆ و یەکسان بن. ئەمە لەلایەن گەنجانی چالاک، خوێندەوار و پەیوەستبووەوە دەکرێت کە هیچی دیکە بە سیاسەتی حیزب یان ڕێکخراوەکانی ژنان قایل نین، بەڵکوو بەکارایی بەدوای بونیادنانی ڕێگەی بەدیلی بەشداربووندا دەگەڕێن. ئەو دەستپێشخەرییانە تاکوو ئەمڕۆ بە بچووکی، ناوچەیی و خۆ-بژێو و ڕاگوزەر ماونەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان ئاماژەپێدەری گۆڕانکارییەکی سەرەکین ڕووەو فرەکردنی شوێنەکان بۆ بەشدارییەکی ڕەخنەییانە.

77 Jiyad Küçükkeleş and Schillings, ‘Economic Drivers of Youth Political Discontent in Iraq’.

**سەرنوسەری بڵاوکراوەکان**
نیسن ئە لریفە ی
**لە ئینگلیزییەوە**
نەبەز سەمەد
**بەرگی وێنە**
سۆنیا باشێر، نەوت لەسەر کانڤاس 2022 ئەمە
وە هەموو وێنەکان لە نێو مۆڵەتدا دووبارە کراونەتەوە
لە هونەرمەندان

---

The views and opinions expressed in this publication are those of the author(s) and do not necessarily represent those of the London School of Economics and Political Science (LSE) or the Middle East Centre. This document is issued on the understanding that if any extract is used, the author(s) and the LSE Middle East Centre should be credited, with the date of the publication. While every effort has been made to ensure the accuracy of the material in this paper, the author(s) and/or the LSE Middle East Centre will not be liable for any loss or damages incurred through the use of this paper.

The London School of Economics and Political Science holds the dual status of an exempt charity under Section 2 of the Charities Act 1993 (as a constituent part of the University of London), and a company limited by guarantee under the Companies Act 1985 (Registration no. 70527).

**Middle East Centre**
London School of Economics
Houghton Street
London, WC2A 2AE

@LSEMiddleEast
@lsemiddleeastcentre
lse.middleeast
lse.ac.uk/mec